
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5808) یەک شەممە 18ی ئاب 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی حەفتاوسێ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارتی تا ئەمڕۆش بە پێڕەویکردن لە ڕێبازی بارزانی لە دروشم و لە کرداردا پێشەنگە

پارتی لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە سەنگەری پێشەوەی بەرگرییکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دایە

پارتی دیموکراتی کوردستان بە سیاسەتێکی ڕاست و دروست و ڕاشکاوانەوە خەباتی کردووە



عمر جاف OMAR JAF

سەرۆک بارزانی بە بۆنەی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایگەیاند «پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، لە سەنگەری پێشەوەی بەرگرییکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەماندایە و لەپێناو سەرفرازی و ئازادیی گەلەکەماندا، هاوشان لەگەڵ هێزە تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرەکانی تری کوردستان، قوربانی زۆری داوە».

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەشدا ڕایگەیاندووە: «پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سیاسەتێکی ڕاست و دروست و ڕاشکاوانەوە خەباتی کردووە و ئامانجی ستراتیژی دەستنیشان کردووە و تا ئەمڕۆش بەپێڕەویکردن لە ڕێبازی بارزانی، وەک ڕێگەی ڕاستی کورداییەتی، لە دروشم و لە کرداردا پێشەنگە».

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی شانزەی ئاب، حەفتاوسێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی دەکەم. هەروەها، پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و خەڵکی کوردستان دەکەم .

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، لە سەنگەری پێشەوەی بەرگرییکردن لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دایە و لە پێناو سەرفرازی و ئازادیی گەلەکەماندا، هاوشان لەگەڵ هێزە تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرەکانی تری کوردستان، قوربانی زۆری داوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سیاسەتێکی ڕاست و دروست و ڕاشکاوانەوە خەباتی کردووە و ئامانجی ستراتیژی دەستنیشان کردووە و تا ئەمڕۆش بەپێڕەویکردن لە ڕێبازی بارزانی، وەک ڕێگەی ڕاستی کورداییەتی، لە دروشم و لە کرداردا پێشەنگە.

لەو بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانم، جارێکی دی سوپاسی خۆڕاگری و کۆڵنەدانی جەماوەری پارتی و هەموو خەڵکی کوردستان بکەم. پشتیوانی و خۆڕاگریی ئێوەی ئازیز، سەرمایەی لەبنەنەهاتووی پارتییە و هێزی زیاترمان دەداتێ و هەوڵ و تێکۆشانمان بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی گەشتر بۆ گەلەکەمان، پتەوتر دەکات.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان، سڵاو لە پێشمەرگە، بژی کوردستان

هەمیشە شاد و سەرفراز بن

مسعود بارزانی
15ی ئابی 2019

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق دەکات

ڕامۆن بلیکوا: لە هەر شوێنێک بێت یادەوەری و دۆستایەتیم لەگەڵ کورد لەبیرناکەم



دوێنێ شەممە 17ی8ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا، ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا سوپاسی پێشوازیی جەنابی سەرۆک بارزانی کرد و مەبەستی سەردانەکەیشی بۆ ڕاگەیاندنی کۆتایهێنانی ئەرکە دیپلۆماسیەکەی بوو لە عێراق و ستایشی هاوکاری و پەیوەندی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی ئەورووپای کرد و هیوای خواست ئەو پەیوەندییانە بەردەوام و پتەوتر بن و ئاماژەی بەوەکرد، لە هەر شوێنێک بێت یادەوەری و دۆستایەتیم لەگەڵ کورد لەبیرناکەم.

لەبەرامبەردا سەرۆک بارزانی، هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی نوێ بۆ ڕامۆن بلیکوا خواست و ئاماژەی بە بایەخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەورووپا کرد و تەئکیدی کردەوە لە پێشخستنی زیاتری هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا.


لەبەشێکی دیدارەکەدا، تاوتوێی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرا و هەردوولا جەختیان لەسەر دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگەی دیالۆگ و لێککەگەیشتنی زیاتر کردەوە.

لەبارەی هەرێمی کوردستانیش، باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا سەقامگیری و ئارامی و پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند و بە هەنگاوێکی ئیجابی بۆ ئایندەیەکی باشتر وەسفکرد.

پەیامی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە یادی 16ی ئابدا:

لە شۆڕشی ئەیلوولدا پارتی بووە خاوەنی گەورەترین هێزی شۆڕشگێڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیامێکدا بەبۆنەی 73ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، هەموو لق و ناوچە و ڕێکخراو و بنکەکان، خانەوادەی شەهیدان و کادیران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات. **(دەقی پەیامەکە لە ل3 بخوێنەوە)**



کۆسرەت ڕەسول پەیامێک ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات

لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی کرد.

(دەقی پەیامەکە لە ل4 بخوێنەوە)

بزووتنەوەی گۆڕان:

هیوادارین پارتی لە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان سەرکەوتوبێت

لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندامانی پارتی دەکات. **(دەقی پەیامەکە لە ل4 بخوێنەوە)**

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حەفتاوسێیەمین ساڵیادی شازدەی ئابدا:

پارتی سوورە لەسەر کوردایەتی و ئازادیخوازی سوورە لەسەر پاراستن و بەهێزکردنی قەوارەی کوردستان

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حەفتاوسێیەمین ساڵیادی شازدەی ئابدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە " پارتی دیموکراتی کوردستان، حەفتاوسێ ساڵ لەمەوبەر، هاتە مەیدان تا ببێتە چاوگەی ئومێد و هیوای نەتەوەیەک کە ئەو سەردەمە بێ هیوایی بااڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەاتیدا کێشابوو. پارتی وەک زەروورەتێکی مێژوویی و تەعبیر لە ئیرادەی ئازادیخوازانەی چواردەم گەورە نەتەوەی ناوچەکە و بێبەشکراو لە مافی چارەنووس، هاتە وجود، بۆ کۆتاییهێنان بەو غەدرە مێژوویییە و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێگەی شایستەی خۆی بە دەست بێنێتەوە، قۆناغ بە قۆناغ هەڵماڵی و بووە دەنگی زوڵاڵی ڕەتکردنەوەی بندەستی". **(دەقی پەیامەکە لە ل4 بخوێنەوە)**

4

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی مووچەی بەشێک لە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان بڵاوکردەوە

پێویستە هەموو لایەک ڕەوشی هەرێم لەبەرچاو بگرن

سەرۆک بارزانی لە چۆمان: نابێت خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت

ئەمن و ئاسایشی هەرێم و ژیانی خەڵکی خۆمان ناکەینە قوربانی هیچ کەسێکی تر

پێویستە قەرەبووی زەحمەتییەکانی ئەم ناوچەیە بە خزمەتگوزاریی باشتر بکرێتەوە





ڕۆژی دووشەمە، 12ی8ی2019 کە هاوکات بوو لەگەڵ دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان، سەرۆک مەسعود بارزانی، سەردانی ناوچەی باڵەکایەتی کرد و لەگەڵ کەسایەتی و پیاوماقوڵانی ناوچەکە کۆبۆوە.

سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەکەدا پێرۆزبایی جەژنی ئاراستەی خەڵکی باڵەکایەتی کرد. دواتر وتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند: ئەم دەڤەرە دەڤەرێکی زۆر بە بایەخە بۆ ئێمە. بارەگای سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لێرە بووە. خەڵکێکی زۆر دڵسۆز و زۆر بە بیروباوەڕ لەم ناوچەیە پەروەردە کراوە و زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە و فشارێکی زۆری دوژمنیان لەسەر بووە. شەو و ڕۆژ تەیارە لەسەر ئەم ناوچەیە سووڕاوەتەوە و گوندەکانی بۆمباباران کردووە و لە بن ئاگری توێخانەی دوژمن بوون، خەڵک خۆڕاگر بوو، زۆر پابەند بوون بە یاساکانی شۆڕش و شۆڕشیان بە مۆڵکی خۆیان دەزانی. خەڵکێکی زۆر زۆر ڕەوشت بەرز بوون. دە ساڵ ئێمە لێرە بووین، شوێنێ کە دوکانی لێ بوایە و شوێنی حەوانەوە بوو، گەڵاڵە بوو، یەک دزی لێ کرا و خەڵک خۆی نەیانهێشت ئەو کەسە لە گەڵاڵە بێنێتەوە. هەروەها گوتی: دوژمن زۆر هەوڵی دا جاسووس لەم ناوچەیە دروست بکات، پێی نەکرا. زۆر هەوڵی دا شۆڕش لێرە تێک بدات، چونکە دەیزانی ئەگەر لێرە تێکبچێت لە شوێنەکانی دیکەش تێکدەچێت. سەرۆک بارزانی لە بارەی خزمەتکردنی خەڵکەوە گوتی: لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێت بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ ئەم ناوچەیە دابندرێت. حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەش بەم ناوچەیە بکات.

سەرۆک بارزانی ڕووی لە جەماوەری چۆمان کرد و گوتی: پێمخۆشە خۆتان لەگەڵ قائیمقام و ڕیشسپیانی ناوچەکە، ئەو خزمەتگوزارییانەی ئەولەویەتیان هەیە بۆ ئێمە دەستنیشان بکەن، بۆ ئەوەی ئیشێکی جدییان لەسەر بکەین. دەبێت خزمەتی زۆری ئەم ناوچەیە بکرێت، پێویستە قەرەبووی زەحمەتییەکانی ئەم ناوچەیە بە خزمەتگوزاریی باشتر بکرێتەوە.

سەرۆک بارزانی هەروەها ڕایگەیاند: ئێمە نیگەرانیشین لەو وەزعە نالەبارەی لەسەر سنووریەکان دروست بووە. هەندێکجار تۆپباران و بۆردومانی ئێران و تورکیا، ئەگەر لێرە بەهانە نەدرێت، نە تۆپباران دەکرێت و نە بۆمباباران، لەبەر ئەوە دەبێت عیلاجی ئەم وەزعە بکرێت بە شێوەیەک ئیتر خەڵکی ئەم دەڤەرە چیتر باجی ئەو وەزعە نالەبارە نەدەن. ئێمە خەریکین، بە شێوەیەک کە نابێت خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، ئەمە بووەتە مەبدەئێک، بەڵام پێویستە موراعاتی وەزعی هەرێم بکرێت. تەنیا شوێنە کە ئومێدی خەڵکە. ئەگەر ئەم ئومێدە نەما هەموو شت تەواو دەبێت.

لە کۆتایی وتەکانیشدا، سەرۆک بارزانی گوتی: ئەوانەی دەیانەوێ هەرێم تووشی کێشە بکەن یا نەهێڵن ژیانی خەڵک بە ئاسوودەیی بەڕێوە بچێت، ئەوە ئێمە ڕێگە بەوە نادەین. بۆیە هێزەکانی هەموو لایەک حەکیمانە و عاقڵانە ڕەفتار بکەن و موراعاتی ڕەوشی هەرێم بکرێت چونکە ئێمە ئەمن و ئاسایشی هەرێم و ژیانی خەڵکی خۆمان ناکەینە قوربانی هیچ کەسێکی تر.

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی قوربان

سەرۆک مسعود بارزانی، بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و عێراق و موسڵمانانی جیهان دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی قوربانەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و عێراق و هەموو موسڵمانانی جیهان دەکەم.

پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم کە بە خوێنی ئازیزانیان ئازادی و شکۆی وڵاتەکەمان پارێزراوە. پیرۆزبایی لە هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم و دەستخۆشیش لە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس دەکەم کە ماندووونەناسانە ئەرکی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هاوواڵتیانیان گرتۆتە ئەستۆ.

جەژنتان پیرۆز و هیوای شادی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.

مسعود بارزانی

10ی8ی2019

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری بەرگریی عێراق دەکات

شەڕی داعش و پێشمەرگە و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە تەوەرێکی دیدارەکە بوو



ڕۆژی دووشەمە 12ی8ی 2019لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازیی لە نەجاح حەسەن ئەلشەمەری، وەزیری بەرگریی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئاڵوگۆڕ کرا و هەروەها شەڕی داعش و پێشمەرگە و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەیش تەوەرێکی دیدارەکە بوو.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر دەکات

دۆمنیک ماس: هیچکات هەڵوێست و هاوکارییەکانی گەلی کوردستان لەیاد ناکەم



ڕۆژی پێنجشەمە 15ی8ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە دۆمنیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارەکەدا، کونسوڵی فەرەنسا وێڕای سوپاسی پێشوازیکردن کۆتاییهێنانی بە ئەرکی خۆی لە کوردستان بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند و لە هەمانکاتیشدا پیرۆزبایی خۆی بەبۆنەی جەژنی قوربان و سااڵیادی لە دایکبوونی سەرۆک بارزانی و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستەی سەرۆک بارزانی کرد و پێزانینی خۆی و حکوومەتی فەرەنسای دەربڕی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو هاوکار بوونە و پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و فەرەنسایشی بەرزنرخاند و سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانی کرد، کە خاوەن هەڵوێست بوونە و هیچکات ئەم هەڵوێست و هاوکاریانەی گەلی کوردستان لەیاد ناکەم و لە هەر شوێنێک بم کوردستان لەبیرناکەم.

لەبەرامبەردا سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەکرد، پەیوەندیی دۆستانەی نێوان کوردستان و فەرەنسا پەیوەست بووە بە هەڵوێستە گرنگەکانی ئەو وڵاتە بەرامبەر گەلی کوردستان و تەئکیدی لەبەردەوامی و پێشخستنی دۆستایەتییەکەی کردەوە و هیوای سەرکەوتنی بۆ کونسوڵ دۆمنیک ماس لەئەرکی نوێیدا خواست.

بەشێکی دیکەی دیدارەکە پەیوەست بوو بە پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و جەخت لەسەر دیالۆگ و ڕێگەی ئاشتیانە کرایەوە.

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی محەمەد یاووز

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان سەرکردایەتیی هوداپار

خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو محەمەد یاووز

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی تێکۆشەری ناسراو و دڵسۆز، سەرۆکی پێشووی هوداپار، کاک (محەمەد یاووز)م پێ گەیشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەڤاڵانی کاک محەمەد دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خوای گەورە دەپارێمەوە گیانی کاک محەمەد بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی هەموولایەک بدات.

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی

10ی8ی2019

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/8/18 ژمارە (5808)

لە یادی 73 ساڵەی پارتیماندا، سڵاو بۆ منداڵە چاوگەشەکانی شەهیدانی کوردستان و هاوسەر و دایکانی شەهید

پەیامی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە یادی 16ی ئابدا

پارتی خاوەن هێزێکی زۆر بەهێزی ئاوەدانی و نوێبوونەوە و پێشکەوتنە

دامەزراندنی پارتی بووە سەرەتای بووژانەوەیەکی گەورەی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری

پارتی توانیویەتی هەموو نسکۆ و سەختییەکان تێپەڕێنێت و مایەی مانەوە و سەرکەوتن بێت بۆ کوردستانییان



نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیامێکدا بەبۆنەی 73ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، هەموو لق و ناوچە و ڕێکخراو و بنکەکان، خانەوادەی شەهیدان و کادیران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات.
ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:


بەبۆنەی (73)ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە جەنابی سەرۆک بارزانی، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، هەموو لق و ناوچە و ڕێکخراو و بنکەکان، خانەوادەی شەهیدان و کادیران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.
دامەزراندنی پارتی لە ساڵی 1946دا دانپێدانانێکی جیهانی بە ڕەوایەتیی دۆز و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەروەها لە شۆڕشی ئەیلوولدا پارتی بووە خاوەنی گەورەترین هێزی شۆڕشگێڕ لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا.
پارتی نسکۆ و سەختی بینیون، بەڵام چونکە خاوەن باوەڕ و بنچینەیەکی ڕیشەداری بەهێزە، هەمیشە توانیویەتی هەموو نسکۆ و سەختییەکان تێپەڕێنێت و مایەی مانەوە و سەرکەوتن بێت بۆ کوردستانییان، هەروەها بەشدارێکی بەهێز بووە لە بزووتنەوەی دیموکراسی و مەدەنیی عێراقدا، لەبەرئەوە لە مێژووی عێراقیشدا خاوەن پێگەیەکی بەهێزە.
پارتی دیموکراتی کوردستان کە شانازیی گەورەی هەیە لە دروستبوون و پاراستنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی وەک قەوارەیەک لە دەستووری عێراقدا، لە هەمان کاتدا پارتی و پارتییەکان شانازیی بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی هەمەلایەنەی هەرێمی کوردستان و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی و کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەییان هەیە. قارەمانیەتیی ئەندامان و جەماوەری پارتی جارێکی دیکە لە بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا خۆی نواندەوە کە وەک هێزی پارێزەری ئازادیی جیهان، شانازییەکی گەورەی جیهانی تۆمار کرد.
پارتی وەک هێزێکی ڕیشەدار و بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بنکەفراوان، خاوەن هێزێکی زۆر بەهێزی ئاوەدانی و نوێبوونەوە و پێشکەوتنە. لاوان و قوتابیان و ئافرەتانی پارتی حەزێکی گەورەیان هەیە بۆ کار و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، پارتی بە پشتیوانییەتێکۆشەرە دێرین و بەئەزموونەکانی و جەماوەری دڵسۆزی کوردستان بەهێزتر دەبێت، هەر لەبەرئەوەش لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا، لەمەودواش پارتی بە کارنامە و پلانی بەرفراوانتر دەتوانێت زیاتر خزمەتی دۆز و ئامانجەکانی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بکات.
دووبارە ئەم یادە لە هەموو کوردستانییان پیرۆز بێت.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/8/15

وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە کوردستان، لەوکاتەوە ئیرادەی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بۆ ئازادی و پێشکەوتن بووە هێز و بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و سەرتاسەری. دامەزراندنی پارتی بووە سەرەتای بووژانەوەیەکی گەورەی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا و گەلی کوردستان بووە خاوەن بزووتنەوەیەکی سیاسی حیساب بۆکراو لە ناوچەکە و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و جیهاندا.
پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر، بۆ یەکەمجار بووە خاوەن دریژترین و فراوانترین شۆڕش لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا و توانی بەشێک لە ئامانجەکانی گەلی کوردستان لە ڕێککەوتنێکی سیاسیی فەرمیدا لەگەڵ حکوومەتی عێراق جێ بکاتەوە، ئەوەش بووە مایەی بەدەستهێنانی سڵاوێکی گەرم..
بەبۆنەی حەفتاو سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیامێکدا بەبۆنەی 73ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، هەموو لق و ناوچە و ڕێکخراو و بنکەکان، خانەوادەی شەهیدان و کادیران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات.
ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی حەفتاو سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەیامێکدا بەبۆنەی 73ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی، سەرکردایەتی، هەموو لق و ناوچە و ڕێکخراو و بنکەکان، خانەوادەی شەهیدان و کادیران و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم.
دامەزراندنی پارتی لە ساڵی 1946دا

قوباد تاڵەبانی بەبۆنەی 73ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی دەکات



قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران بەبۆنەی حەفتاو سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک بارزانی و بەڕێزان جێگری سەرۆک وئەندامانی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز کاک مەسعود بارزانی
سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێزان جێگری سەرۆک وئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان
سڵاوێکی گەرم..

بەبۆنەی حەفتاو سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ناوی خۆم و هاوسەرم و منداڵەکانمەوە، بە هەموو ئەندامانی پارتی و هاوسەر و دایکانی شەهید و خانەوادەی شەهیدان و بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە پیرۆزبایی گەرم دەکەم.
پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1946دا لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی ئاڵۆزدا دامەزرا، بەڵام بە ڕابەرایەتی نەمر بارزانی نەمر و بەهۆی ئەو بنەما بەهێز و ڕەسەنانەی کە لەسەری دامەزرا، توانی ببێتە هێزێکی گەورە و بەهێز و ببێتە خاوەن ڕۆڵ و کاریگەری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری کوردستان و عێراقدا.
پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو 73 ساڵەدا، بە هەموو قۆناغەکانیەوە، بە هەموو ئاڵۆزی و سەختییەکانیەوە، بە هەموو ڕووداوەکانیەوە، بە هەموو شەڕ و ئاشتییەکانیەوە، بە هەموو ئاسۆ و ڕەهەندەکانیەوە، بە هەموو ئەزموون و دەرسەکانیەوە، بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، بە هەموو ئەو قوربانیانەی کە پێشکەشی کردووە، بە هەموو ئەو ئاوەدانکردنەوە و نوێبوونەوانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بە هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بۆ گەلەکەمان بەدەستهێناوە، بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوو

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئیمەیڵ ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/8/18 ژمارە (5808)

لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، سڵاو بۆ خوشک و برا ئێزیدییە رزگارکراوەکانی ژێردەستی داعش




مەسرور بارزانی: کوردستان ماڵی گەورەی هەموومانە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە چاندنی نەمامێک بەشداری لە هەڵمەتی "داریک بچێنە و شارێک سەوز بکە" کرد. مەسرور بارزانی، وەڵامی چالێنجی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی دایەوە و چالێنجی هەریەک لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕێواز فایەق و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان، دادوەر بەنگین_ی کرد، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداری لە هەڵمەتەکەدا بکەن.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، کە بەو بۆنەیەوە باڵاویکردووەتەوە، مەسرور بارزانی گوتی: کوردستان ماڵی گەورەی هەموومانە.

با هەموو بەیەکەوە هەوڵ بدەین ماڵەکەمان گەشتر و جوانتر بکەین. منیش لێرە وەڵامی چالنجی سەرۆکی هەرێم برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی دەدەمەوە بە چاندنی داریکی زەیتوون، کە داریکی تەمەن درێژ و بەرهەمدارە. گوتیشی: منیش بە چاندنی ئەم دارە بەشداریم کرد، لە هەڵمەتی داریک بچێنە و شارێک سەوز بکە. هەر لێرەشەوە منیش چالێنجی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز خاتوو ڕێواز و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری بەڕێز حاکم بەنگین دەکەم، کە ئەوانیش بەشداری لەم هەڵمەتە بکەن. بە هیوای کوردستانێکی جوانتر و ئاوەدانتر و سەقامگیرتر.

کۆسرەت ڕەسول پەیامێک ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات



لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز: کاک مەسعود بارزانی
سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێزان لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە یادی حەفتاوسێ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەناوی خۆم و هەقاڵانم لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی جەنابت و ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، دەخوازین بەردەوام بن لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری گەلەکەمان و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانمان.

دۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکە ئەوە دەخوازێ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان بەیەک گوتاری هاوبەشی نیشتمانی و نەتەوەیی ساز و ئامادەبن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەدیاتەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان، بێگومان ئەمەش تەنها بەیەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان دەکرێ.

ئەزموونی چەند ساڵەی حوکمڕانی لەکوردستان ئەوەی سەلماندووە، کە تەنهاو تەنها بەیەکگرتوویی دەتوانرێ باشترین خزمەت پێشکەشی هاوڵاتیان بکرێ و دەستەبەرکردنی سەقامگیری و یەکڕیزی ڕاستەقینەو دوورخستنەوەی کوردستان لە ململانێی ناوچەیی، بەتایبەت مەترسی شەڕی ناوخۆ.

بە گرنگی دەزانین پارتی دیکراتی کوردستان و هەموو لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان پشتگیری پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و تەواوی دامەزراوە نیشتمانیەکان بکەن بۆڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی کوردستان بەشێوازێکی تەندروست لەپێناوی پاراستنی سەروماڵی هاونیشتمانیان و مسۆگەرکردنی دادی کۆمەڵایەتی و ژیان و گوزەرانیان.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان بەتایبەت کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەڕەسیاریێتی هەموو لایەنەکانی کوردستانە بەرەنگاری هەموو هەوڵێکی تیرۆرستان و مەترسی بۆ سەر خاکەکەمان بین.

جارێکی تر پیرۆزبایی گەرمی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و هیوادارین بەردەوام بن لە خەبات و تێکۆشان.

کۆسرەت ڕەسول عەلی،
جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بزووتنەوەی گۆڕان: هیوادارین پارتی لە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان سەرکەوتوو بێت



لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندامانی پارتی دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز/سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێزان/ئەندامانی مەکتەبی سیاسی
بەڕێزان/ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

دەستەبەرکردنی سەقامگیری و یەکڕیزی ڕاستەقینەو دوورخستنەوەی کوردستان لە ململانێی ناوچەیی، بەتایبەت مەترسی شەڕی ناوخۆ.

بە گرنگی دەزانین پارتی دیکراتی کوردستان و هەموو لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان پشتگیری پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و تەواوی دامەزراوە نیشتمانیەکان بکەن بۆڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی کوردستان بەشێوازێکی تەندروست لەپێناوی پاراستنی سەروماڵی هاونیشتمانیان و مسۆگەرکردنی دادی کۆمەڵایەتی و ژیان و گوزەرانیان.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان بەتایبەت کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەڕەسیاریێتی هەموو لایەنەکانی کوردستانە پێکەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشانی ئاشتیانە بدەن بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان و ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی وئەمنی وکارگێڕی ئەو ناوچانە بەهاوکاری و هەماهەنگی حکومەتی فیدرالڕ و هەموو ئەو لایەنانەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە.

بزووتنەوەی گۆڕان
2019/8/16

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بەڕێز/محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
بەڕێزان/ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی حزبە خەباتگێڕەکەتان پیرۆزباییەکی گەرمی تێکۆشان و نەسرەوتن لە ئێوەی بەڕێز و کادیر و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، ئومێدەوارین هەردەم بەردەوام و زیاتر بەرەو پێش بچێت لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

نکولی لە ڕۆڵی گرنگی حزبەکەتان لە کاروانی خەباتی گەلەکەمان ناکرێ بۆ بەدەستهاتنی دەسکەوتەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانمان، بۆ لەمەودوایش زیاتر پێویستیمان بە هەماهەنگیی و یەکدەنگی هەیە بۆ پتەوترکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی.

وێڕای پیرۆزبایی گەرمان، وەکو هەمیشە خەبات و قوربانیەکانی حزبە تێکۆشەرەکەتان بەرز دەنرخێنین و، هیوادارین بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین کێشەوگیروگرفتەکان چارەسەر بکەین و ئایندەیەکی ڕۆشنتروگەشتر بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەستبەر بکەین.

هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن....

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/8/8

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات

بەبۆنەی یادی 73 ساڵەی دامەزراندنییەوە، د. ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی 73هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرۆک و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەڕێگەی بەڕێزیشیانەوە ئاراستەی سەرجەم کادیران، ئەندامان، جەماوەر، کەسوکاری شەهیدان و فراکسیۆنی پەرلەمانییان دەکەین و هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازین لە خەباتی سیاسی و تێکۆشان لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان و بەدیهێنانی سەرجەم خواست و داواکارییە ڕەواکانی کوردستانیان.

ئومێدەوارین ئەم یادە بێتە مایەی یەکڕیزیی نێومااڵی کورد و کاری پێکەوەیی لەپێناو پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی دامەزراوە دەستوورییەکانی و بەرقەرارکردنی حوکمڕانییەکی تەندروست، کە تێیدا هاوڵاتیان هەست بەئارامی و خۆشگوزەرانی بکەن.

د. ڕێواز فائق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
15ی ئابی2019

سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆک بارزانی دەکات

پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی YNDK بۆ بەڕێز سەرۆک بارزانی بەبۆنەی 16ی ئابەوە
بۆ بەڕێز مام بارزانی کاک مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان
سڵاوێکی برایانەی گەرم...

بەناوی خۆمان و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی جەنابتان و 73ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەنابتان و بەڕێزان لە مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و تەواوی کادیرو ئەندامان و جەماوەری PDK دەکەین و هیوای بەردەوامی و پێشڤەچوون و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

بێگومان لەکاتێکدا کە یادی دامەزراندنی PDK دەکەینەوە کوردستان و ناوچەکە لە ڕەوشێکی زۆر ناسک و هەستیاردان و، هەموو ڕۆژەهەڵاتی ناڤین لەبەردەم کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهات و گۆڕانکاری مەزندان، بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم ڕەوشە پێویستیمان بە ڕێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی کوردستان و یەکڕیزی و یەکدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە، بۆ ئەمەش جەنابتان وەک هەمیشە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر و مەزن ببینن، لەم پێناوەشدا ئێمە وەکو YNDK ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتوانییەکین، هەر لەم بۆنەیەدا جەختدەکەینەوە سەر پتەوکردنی پەیوەندی هاوخەباتی و برایانەی نێوانمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشڤەبردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و هێنانەدی تەواوی مافە ڕەواکانی.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی دووبارەماندا.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن بۆ کوردو کوردستان.

بۆ دەستوور
غەفوور مەخموری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
2019/8/16

سەرۆکایەتیی پەرلەمان جەژنی قوربان لە موسڵمانان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە موسڵمانانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق و جیهان بەگشتی دەکەین، هەروەها پیرۆزبایی لە حاجیانی کوردستان دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین عیبادەت و ئەنجامدانی فەریزەی حەجی ئەمسالیان قبوڵ بکات.

بەئومێدی ئەوەی کە ئەم جەژنە بێتە مایەی خێرو خۆشی و بەختەوەری بۆ هەموولایەک و هەرێمی کوردستانیش لە پێشکەوتن و ئارامی و خۆشگوزەرانی بەردەوام بێت.

هەرێمەکەمان ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستیی بەیەکڕیزی و برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەیە، هیوادارین جەژن ببێتە فاکتەرێک بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە.

هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و تەواوی کارمەندانی ناوخۆ تەندروستی و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە ڕۆژانی جەژندا دوور لەخانەوادەو کەس و کاریان لە خزمەت ئاسوودەیی و پاراستنی ژیانی هاوڵاتییاندان.

دووبارە جەژن لەهەموو لایەک پیرۆزبێت و هەر لەخۆشی بەختەوەریدابن.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
10ی ئابی2019

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی مووچەی بەشێک لە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان بڵاوکردەوە

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی بە حزبی کردنی بابەتی گەڕاندنەوەی مووچەی 13 هەزار خاوەن پێداویستیی تایبەت ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی گوتەبێژی حکوومەت "هەندێ کەنالی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک بابەتی گەڕاندنەوەی یارمەتیی 13 هەزار خاوەنپێداویستی تایبەتیان خستۆتەڕوو کە گوایە دەستکەوتی حزبێکە. ئاماژەی بەوەش کردووە: لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەی ژمارە 4ی ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕێککەوتی 2019/08/07 بڕیاری لە سەر دراوە.

بڕیاری لە سەر دراوە. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

هەندێ کەنالی ڕاگەیاندن بە شێوەیەک بابەتی گەڕاندنەوەی یارمەتیی 13 هەزار خاوەنپێداویستی تایبەتیان خستۆتەڕوو کە گوایە دەستکەوتی حزبێکە.

لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەی ژمارە 4ی ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕێککەوتی 2019/08/07 بڕیاری لە سەر دراوە.

حکوومەتی هەرێم مولکی هەموو هاوڵاتیانی کوردستانە و هەر بڕیارێکیش لە لایەن حکوومەتەوە دەدرێت هی هەموو هەرێمی کوردستانە و لایەنە بەشداربووەکانی ناو حکوومەتیش لە چوارچێوەی بەرنامەی حکوومەتدا بە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو هاوڵاتیان دەکەن.

هەروەک بەڕێز سەرۆکوەزیرانی هەرێم لە پێشەکیی هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمیشدا ئاماژەی پێداوە، وەزارەتەکان هی حکوومەتی هەرێمن نەک حیزبە بەشداربووەکانی ناو کابینە.

هیوادارین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکانی بەشداربووی ناو حکوومەت ڕەچاوی ئەم بنەمایە بکەن.

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی لە حەفتاوسێهەمین ساڵیادی شازدەی ئابدا:

پارتی لە بری حزبێکی ئایدیۆلۆجی بەرتەسک، وەک بزاڤێکی جەماوەریی بەرفراوان هاتە مەیدان

پارتی بووە چەتری کۆکەرەوەی خەباتی تێکڕای کوردستانیان بە جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییان

پارتی لەبەردەم شەڕی نانبڕین و هەراشبوونەوەی شۆڤێنیزمیشدا نەیهێشت کوردستان چۆک دابدات

پارتی سوورە لەسەر کوردایەتی و ئازادیخوازی، سوورە لەسەر پاراستن و بەهێزکردنی قەوارەی کوردستان

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حەفتاوسێهەمین ساڵیادی شازدەی ئابدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە " پارتی دیموکراتی کوردستان، حەفتاوسێ ساڵ لەمەوبەر، هاتە مەیدان تا ببێتە چاوگەی ئومێد و هیوای نەتەوەیەک کە ئەو سەردەمە بێ هیوایی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەکانیدا کێشابوو. پارتی وەک زەروورەتێکی مێژوویی و تەعبیر لە ئیرادەی ئازادیخوازانەی چوارەم گەورە نەتەوەی ناوچەکە و بێبەشکراو لە مافی چارەنووس، هاتە وجود، بۆ کۆتاییهێنان بەو غەدرە مێژوویییە و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێگەی شایستەی خۆی بە دەست بێنێتەوە، قۆناغ بە قۆناغ لێ هەڵماڵی و بووە دەنگی زوڵاڵی ڕەتکردنەوەی بندەستی". ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

کادیر و ئەندام و لایەنگران و جەماوەری تێکۆشەری پارتیمان
پێشمەرگە نەبەزەکان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان
کوردستانیانی مێژا
ڕۆژهەکانی نەتەوەی کوردی دڵێر

پارتەکەتان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حەفتاوسێ ساڵ لەمەوبەر، هاتە مەیدان تا ببێتە چاوگەی ئومێد و هیوای نەتەوەیەک کە ئەو سەردەمە بێ هیوایی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەکانیدا کێشابوو. پارتی وەک زەروورەتێکی مێژوویی و تەعبیر لە ئیرادەی ئازادیخوازانەی چوارەم گەورە نەتەوەی ناوچەکە و بێبەشکراو لە مافی چارەنووس، هاتە وجود، بۆ کۆتایی هێنان بەو غەدرە مێژوویییە و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێگەی شایستەی خۆی بە دەست بێنێتەوە، قۆناغ بە قۆناغ لێ هەڵماڵی و بووە دەنگی زوڵاڵی ڕەتکردنەوەی بندەستی.

پارتی بە ئیلهامی ڕێباز و دنیابینیی بارزانیی نەمر و بە سوود وەرگرتن لە کەڵەپووری دێرینی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەمان، چوارچێوەیەکی ئینسانی و سەردەمیانەی بۆ کوردایەتی دارشت و ئاوێتەی کرد بە بەها بەرزەکان و پرنسیپە ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازەکانی مرۆڤایەتی، لەسەر ئەو بنەمایانە هێڵە گشتییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی دارشت و ڕێبازی کوردایەتی ڕەنگڕێژ کرد. پابەندبوونی بزووتنەوەی کوردایەتی بەو پرنسیپانە وایکرد سەربەری شەڕی نەگریس ودڕندانەی دوژمنان، هەرگیز نەکەوێتە داوی کاردانەوەی شەڕانگێزانە و توندڕۆیی ئایدیۆلۆژی، نەیارانیش هەرگیز بەهانەیان نەکەوێتە دەست تا بە بزووتنەوەیەکی تیرۆریست و توندئاژۆیی تۆمەتباری بکەن. لە سەرەتایشەوە شێوازی خەباتی سیاسی و مەدەنی و جەماوەریی گرتەبەر و، تا ناچار نەکرا و دەرگاکانی بە ڕووی دانەخرا، دەستی نەدایە خەباتی چەکداری. لەسەر ئاستی میللیش، پارتی لەبری حزبێکی ئایدیۆلۆجی بەرتەسک، وەک بزاڤێکی جەماوەریی بەرفراوان هاتە مەیدان، بووە چەتری کۆکەرەوەی خەباتی تێکڕای کوردستانیان بە جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییان. توانی هەموان لە دەوری یەک ئامانج کۆبکاتەوە کە ڕزگاریی نیشتمانییە.

پارتی بەم ڕوانگا ئینسانی و بەرچاوڕوونییەوە، توانی بە پشتیوانیی گەلی کوردستان، نەگۆڕەکانی ڕێبازی بارزانی، بە هەمان قەناعەتی نەگۆڕ، سوورە لەسەر کوردایەتی و ئازادیخوازی، سوورە لەسەر پاراستن و بەهێزکردنی قەوارەی کوردستان کە لە شەش ساڵی ڕابردوودا بە جۆرەها پیلان و شەڕ و هەڕەشە و سەنگەر لێگرتن ویستیان لە ناوی ببەن و ڕەنجی سەد ساڵی کورد بە با بدەن. پارتیمان بە وەرە و بڕوایەکی پۆڵایینەوە بەرەنگاری کۆی ئەو هەڕەشانە بۆوە و خۆشبەختانە یەک بە دوای یەکدا تێکی شکاندن.

کاتی دەستپێکردنەوەی پێشخستن و گەشەپێدانەوەی وڵاتەکەمانە

خەباتی چەکداری. لەسەر ئاستی میللیش، پارتی لەبری حزبێکی ئایدیۆلۆجی بەرتەسک، وەک بزاڤێکی جەماوەریی بەرفراوان هاتە مەیدان، بووە چەتری کۆکەرەوەی خەباتی تێکڕای کوردستانیان بە جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییان. توانی هەموان لە دەوری یەک ئامانج کۆبکاتەوە کە ئەو سەردەمە بێ هیوایی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەکانیدا کێشابوو. پارتی وەک زەروورەتێکی مێژوویی و تەعبیر لە ئیرادەی ئازادیخوازانەی چوارەم گەورە نەتەوەی ناوچەکە و بێبەشکراو لە مافی چارەنووس، هاتە وجود، بۆ کۆتایی هێنان بەو غەدرە مێژوویییە و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێگەی شایستەی خۆی بە دەست بێنێتەوە، قۆناغ بە قۆناغ لێ هەڵماڵی و بووە دەنگی زوڵاڵی ڕەتکردنەوەی بندەستی.

پارتی بە ئیلهامی ڕێباز و دنیابینیی بارزانیی نەمر و بە سوود وەرگرتن لە کەڵەپووری دێرینی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەمان، چوارچێوەیەکی ئینسانی و سەردەمیانەی بۆ کوردایەتی دارشت و ئاوێتەی کرد بە بەها بەرزەکان و پرنسیپە ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازەکانی مرۆڤایەتی، لەسەر ئەو بنەمایانە هێڵە گشتییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی دارشت و ڕێبازی کوردایەتی ڕەنگڕێژ کرد. پابەندبوونی بزووتنەوەی کوردایەتی بەو پرنسیپانە وایکرد سەربەری شەڕی نەگریس ودڕندانەی دوژمنان، هەرگیز نەکەوێتە داوی کاردانەوەی شەڕانگێزانە و توندڕۆیی ئایدیۆلۆژی، نەیارانیش هەرگیز بەهانەیان نەکەوێتە دەست تا بە بزووتنەوەیەکی تیرۆریست و توندئاژۆیی تۆمەتباری بکەن. لە سەرەتایشەوە شێوازی خەباتی سیاسی و مەدەنی و جەماوەریی گرتەبەر و، تا ناچار نەکرا و دەرگاکانی بە ڕووی دانەخرا، دەستی نەدایە خەباتی چەکداری. لەسەر ئاستی میللیش، پارتی لەبری حزبێکی ئایدیۆلۆجی بەرتەسک، وەک بزاڤێکی جەماوەریی بەرفراوان هاتە مەیدان، بووە چەتری کۆکەرەوەی خەباتی تێکڕای کوردستانیان بە جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییان. توانی هەموان لە دەوری یەک ئامانج کۆبکاتەوە کە ئەو سەردەمە بێ هیوایی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆژهەکانیدا کێشابوو. پارتی وەک زەروورەتێکی مێژوویی و تەعبیر لە ئیرادەی ئازادیخوازانەی چوارەم گەورە نەتەوەی ناوچەکە و بێبەشکراو لە مافی چارەنووس، هاتە وجود، بۆ کۆتایی هێنان بەو غەدرە مێژوویییە و بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێگەی شایستەی خۆی بە دەست بێنێتەوە، قۆناغ بە قۆناغ لێ هەڵماڵی و بووە دەنگی زوڵاڵی ڕەتکردنەوەی بندەستی.

پارتی بە ئیلهامی ڕێباز و دنیابینیی بارزانیی نەمر و چوارچێوەیەکی ئینسانی و سەردەمیانەی بۆ کوردایەتی دارشت

پێشڕەوایەتیی بزاڤی ڕزگاریخوازیی و شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و کاروانی تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسی و ئیعلامی و ڕێکخراوەیی و جەماوەریی خەڵکی کوردستان بکات. لەو کاروانە دوورەڕێیەدا سەربەری درندەیی شۆڤێنیزمیشدا، نەیهێشت کوردستان چۆک دابدات، تا شۆڤێنیزم و نانبڕەکان چۆکیان دادا. نەیهێشت مەرامی خۆبەدەستەوەدەران بێتە دی و قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێتەوە و بەرهەمی خوێن و خەباتی شەهیدان بە هەدەر بڕوات. توانیشی بە سیاسەتێکی حەکیمانە و بێ کەمترین سازش لەسەر مافە ڕەواکانمان، سزا ناڕەواکانی سەر کوردستان هەڵوەشێنێتەوە، ڕایەڵەکانی کوردستان لەگەڵ جیهان گرێبداتەوە و پێگە و ئیعتبارە جیهانییەکەی بۆ بگێڕێتەوە. لە حکوومەتداریشدا توانی شان بداتە بەر مەسئولیەتی ڕۆژە سەختەکان و کۆڵ نەدات تا ئاسۆی چارەسەر بە ڕووی هەموو قەیرانەکاندا کرانەوە و تەنگانە و گرفتەکان بەرەو کۆتایی چوون. لە ستایشی ئەو هەڵوێستانەشدا، خەڵکی ئەمەکداری کوردستان ئەجری پارتییان دایەوە و بە هەرێمدا، سەرکەوتین، مادام قەیرانەکانمان تێپەڕاند، ئیتر زەمینە سازە و کاتی دەستپێکردنەوەی پێشخستن و گەشەپێدانەوەی وڵاتەکەمانە.

هەڤاڵانی تێکۆشەر

ئەمڕۆ کە یادی دامەزراندنی پارتیمان دەکەینەوە، دروشم و ئامانجمان بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزە، ئەو دروشم و بەرنامەیەی زۆرترین دەنگ و پشتیوانی گەلی کوردستانی بەدەستهێنا و دووبارە پارتی کردەوە شایستەی پێکهێنانی حکوومەت و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، پارتەکەتان لەو ئەرکەشدا پەرۆش و دڵسۆزانە هاتە مەیدان و بە پشوودرێژی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان و خەڵکەکەی، توانی گرێیەکانی بەردەم پێکهاتنی لایەنەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێمەی حکوومەت بکاتەوە، سەرباری درەنگ کەوتن بەڵام دواجار دامەزراوەکان کەوتنەوە گەڕ و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان کارابونەوە و حکوومەتێکی فرەیی نوێ دەستبەکار بوو.

پارتی تا ناچار نەکرا و دەرگاکانی بە ڕووی دانەخرا دەستی نەدایە خەباتی چەکداری

پارتەکەتان بە هیوایەکی زۆرەوە لەم قۆناغە دەڕوانێ بۆ دووبارە دەستپێکدنەوە و دریژەپێدانی ئاوەدانکاری و گەشەپێدان و پێشخستنی کوردستان، کە سالانی ڕابردوو بە هۆی شەڕ و قەیرانەکان و سیاسەتی برسیکردن و ململانێی بێ سەمەری ناوخۆییەوە هەنگاوەکان سستکرابوون. باوەڕمان پتەوە کە مادام لە پاراستنی کوردستان و تێکشکاندنی پیلانەکانی هەڵوەشانەوەی قەوارەی سەرخستنی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا، متمانەیان بۆ نوێ کردەوە و جڵەوی کاروانی بەڕێوەبردنی ووڵاتیان دایەوە دەست.

هەڤاڵانی تێکۆشەر

ئەمڕۆ کە یادی دامەزراندنی پارتیمان دەکەینەوە، دروشم و ئامانجمان بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزە، ئەو دروشم و بەرنامەیەی زۆرترین دەنگ و پشتیوانی گەلی کوردستانی بەدەستهێنا و دووبارە پارتی کردەوە شایستەی پێکهێنانی حکوومەت و بەڕێوەبردنی هەرێم

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەمە 2019/8/18 ژمارە (5808)

لەیادی 16ی ئابدا، سووربن لەسەر پاراستن و پێشخستنی دەسکەوتە بەخوێن بەدەستهاتووەکانی گەلی کوردستان

بارزان... لە یادی 16ی ئابدا چین و تۆێژەکان سەردانی مەزاری نەمران دەکەن



مسلم دۆلەمەری- بارزان:

لەیادی 16ی ئاب سالڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی باوکی ڕوحیی نەتەوەی کورد و سالڕۆژی لەدایکبوونی ڕابەری کورد سەرۆک مسعود بارزانی بۆ نوێکردنەوەی سۆزو وەفاداری خۆیان بۆ ڕێبازی پڕ لە سەروەریی بارزانیی باوک، چینوتوێژەکان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان، لەوانە سەردانی بەرپرس و کارگێڕو کادیرانی لقی17ی پارتی لە شنگال و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی کادیران لەگەڵ 73 کادیری خولی کادیران کە بەبۆنەی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی بەشداری خولەکە ببون، هەروەها شاندێکی کوردانی ئێزدی لە شنگال کە پێکهاتبوون لە سەیدۆ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرو کەسایەتی ناوچەکەو سەنتەری پاراستنی وێنین بارزانیی نەمر و ئەندامانی عەشیرەتی ئۆمەریان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە ولاتانی بیانیش و شاندێک کە پێکهاتبوون لە بەڕێوەبەرو بەشدارببوانی خولی پێگەیاندنی کادیرانی سەر بەلقی1ی پارتی و چەندین دڵسۆزی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمرو ڕۆشنبیرو لاو پیرو جوان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان. شایانی باسە دوای بەخێرهێنانیان لەلایەن خەڵات بارزانی و لێژنەی پێشوازی سەر مەزاری نەمران و دانانی تاجەگوڵینەی وەفاداری و خۆبەدەستەوەدانی سورەتی فاتیحە لەسەر گلکۆی نەمران، لەچەندین وتەی جیاجیادا سۆزو وەفاداری خۆیان بۆ ڕێبازی پڕ لە سەروەری و کوردایەتی بارزانی باوک نوێکردەوەو و ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە تا دووا دڵۆپی خوێن لە جەستەیاندا درێژەپێدەرو بەرگریکاری ئەم ڕێبازەبن بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئازادی کورد و کوردستان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ هاوکارمان کاک ڕەسوڵ سالح

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی داپیری بەڕێزتانمان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەرو تەواوی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبێت بە بەهەشت شادبکات و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێ.

انا لله وانا اليه راجعون

تێبینی- ئەمڕۆ ڕۆژی دووەمی پرسەکەیە لە مزگەوتی ئالتوون.

لە یادی 16ی ئابدا خەڵات بەسەر منداڵانی شەهید دابەش کرا



لە پێشوازی 73مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەراسیمێکی خنجیلانەدا بە ئامادەبوونی حەسەن عەدۆ، بەرپرسی لقی 26گوڵان و بەرپرسانی حیزبی و حکومی و بە ئامادەبوونی کەسوکاری شەهیدانی شەری دژی داعش لە دەڤەری باڵەکایەتی، ئەنجوومەنی گوڵانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هۆڵی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنی لقی 26گوڵان هەڵسان بە دابەشکردنی مەدالیای ئاڵتوونی بەسەر کۆمەڵێک منداڵی شەهیدی سنوورەکە دابەش کرا.

بەندی خالید، بەرپرسی ئەنجوومەنی گوڵان لە ڕێورەسمەکە ڕایگەیاند: ئامانجمان زیاتر خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لقی 26ی گوڵان لە دەڤەری باڵەکایەتی هەمیشە هاوکار و هاوماهەنگی کاروچالاکییەکانی ئەنجوومەنی گوڵان بووە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن.

لەلایەن خۆشیانەوە کەسوکاری شەهیدان لە ناوچەکە سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی ئەنجوومەنی گولان کرد و داوا لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن زیاتر ئاوڕ لە کەسوکاری شەهیدان بدرێتەوە و خزمەتبکرێن.

منداڵانی شەهیدانە، بۆ ئەوەی لە پێشوازی جەژنی قوربانداو بە دڵخۆشبن، ئاماژەشی بەوەدا ئەم چالاکییە لە پێشوازی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لقی 26گوڵان لە دەڤەری باڵەکایەتی ئەنجامدراوە.

لاوانی کەرکووک بە بلاوکردنەوەی ئاڵا و دروشمەکانی پارتی ساڵیادی 16ی ئاب پیرۆز دەکەن



ناوەندی باڵای کەرکووکی یەکێتیی لاوان، لە سەنتەری پارێزگای کەرکووک و قەزا و ناحیەکان دروشمی 16ی ئاب و یادی 73ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو دەکەنەوە و ئەو یادە بەرز ڕادەگرن. دەشڵێن، هاوولاتیانی کەرکووک بە گەرمییەوە پێشوازی لەو یادە دەکەن و ئاڵا و دروشمەکانی پارتی بڵاو دەکەنەوە.

ڕاگەیاندن، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: شەوی 15 لەسەر 16ی ئاب بە بۆنەی یادی دامەزراندنی پارتیمانەوە وەک لاوانی کەرکووک لە تەواوی گەڕەک و شەقامەکانی شار ئاڵا و دروشمی پارتیمان بڵاو کردەوە، هاوولاتیانیش بە بینینی ئاڵا و لافیتەی دروشمەکانی 16ی ئابی پارتی، زۆر خۆشحاڵ بوون و بە گەرمی پێشوازییان لێ کردین. کاکەیی گوتیشی: لە ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکارو خانەوادەی هەردوو لایەنی ناکۆک لەهۆڵی بۆنەکان لە بارەگای لقی16ی هەولێر کۆتایی هێندرا بەکێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی خوالێخۆشبێت مەولود عەبدولا عەزیز و تاهیر عەبدولا حەمەد. لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەواییەکەدا بەرپرسی لقی16ی وێڕای دەستخۆشی گەرمی لەهەردوو خانەوادەی ناوبراو بۆ بەدەنگەوە هاتنیان و کۆتاییهێنان بەکێشەی نێوانیان سوپاسی هەموو ئە کەسانەشی کرد کە ڕۆڵیان بینی لەنزیک کردنەوەیان و گەیاندنیان بەڕێککەوتنی ئاشتبوونەوەیان. لەکۆتاییدا هەردوو خانەوادەکە واژوویان لەسەر ڕێکەوتنی ئاشتبوونەوەکەیان کردو وێڕای سوپاس و پێزانینی زۆریان بۆ لقی16 و تەواوی ئەو کەسانەی ڕۆڵیان بینی لەئاشتەواییی نێوانیان بەڵێنیاندا کە پابەندی ڕێکەوتی نێوانیانبن.

هەریەکە لە پردێ و داقووق و دوبز و تەواوی قەزا و ناحیەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووک، لە ڕێگەی ناوەندەکانی چالاکییەوە، دروشمی پارتیمان بۆ 16ی ئاب بڵاوکردووەتەوە و لەسەر دیوارەکان هەڵواسراون.

دەشڵێ: کەرکووک داگیر کراوە، بەڵام ئێمە وەک لاوانی پارتی لە تەواوی بۆنە نیشتیمانییەکاندا چالاکیی جۆراوجۆرمان ئەنجام داوە و گوێمان بە ڕێگری و هەڕەشەکانی هێزە میلشیاییە داگیرکەرەکانی کەرکووک نەداوە.

ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هێزە عێراقییەکان شاری کەرکووکیان داگیر کرد و لەو ڕۆژەوە پارتی دیموکراتی کوردستان تەواوی بارەگا حیزبی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی لەو شارە چۆڵ کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتاشەوە ڕایگەیاند، دەبێ جارێکی تر ڕەوشی ئەو شارە داگیرکراوە ئاسایی بکرێتەوە و هێزە جۆربەجۆرەکان لە کەرکووک بکشێنەوە.

بەهەولێ بەرپرسی لقی 16..
کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان دوو خانەوادە چارەسەر کرا



بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان بۆ گەیاندنی پرسەو سەرەخۆشی سەردانی بارەگای هوداپار دەکات



پۆلیسی هەولێر تاوانێکی ڕفاندن و دزیکردنی ئوتومبێلێکی ئاشکراکرد

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە ئامادەبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت عوسمان بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر تاوانێکی ڕفاندن و دزیکردنی ئوتومبیلێکی ئاشکراکرد کە لە ڕۆژانی ڕابردوو ئەنجامدرابوو گوتی: دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە دزیکردنی ئوتومبیلێک و بوونی ڕووداوێکی ڕفاندن لە گەڕەکی تەیراوە پۆلیس دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردەوەو توانرا لەماوەی کەمتر لە 24کاتژمێر ناسنامەی تۆمەتباران ئاشکرا بکرێت و دەستگیر بکرێن تۆمەتبارانیش بریتی بوون لە (ع. س. س) تەمەن 26 ساڵان و تۆمەتبار (گ. ا. ب) تەمەن 26ساڵان و دوای دەستگیرکردن تاوانباران دانیان بە تاوانەکەیاننا کە کاتژمێر 1ی شەو هەستا بوون بە دانانی بازگەیەک بە ناوی ئاسایش، دواتر کاری ڕفاندن و دزیکردنی ئوتومبیلێکی جۆری بی ئێم یان لە چوار هاوڵاتی بە ڕەگەز عەرەب ئەنجامدابوو کە مەبەستی گەشتکردن سەردانی شاری هەولێریان کردبوو، پەراوی لێکۆڵینەوەش بۆ تۆمەتباران ڕێککراو ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کران و بەند کران بە مادەی 442 لە یاسای سزادانی عێراقی.

سوپاس و پێزانین

بۆ بەڕێز دکتۆر ئەحمەد ئیبراهیم بەرزنجی

سوپاسی بێپایانمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کارمەندانی بەشی شکان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا دەکەین بۆ ئەو نەشتەرگەرییە سەرکەوتووە و بایەخەی کە بە ئەحمەد محەمەد- ی باوکمانتان دا، بێگومان ئەوەش بۆ دڵسۆزی و لێهاتوویی ئێوەی بەڕێز دەگەڕێتەوە. دووبارە زۆر سوپاس.

نازەنین ئەحمەد

ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی دەرمالە و کرێی خوێندنی کوڕ و کچانی شەهیدان درا

گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی دەرمالە و کرێی خوێندنی کچ و کوڕانی شەهیدان بۆ ساڵی 2017-2018دراوە و هەولەکانیش بۆ خەرجکردنی کرێی خوێندنی ساڵی 2018-2019 بەردەوامن. فوئاد عوسمان، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: دەرمالەی خوێندنی کچ و کوڕانی شەهیدان بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی ئەو قەیرانەی کە تووشی هەرێمی کوردستان ببوو، وەستابوو، وەکو وەزارەت ئێمەش قەرزداری زۆرێک لەو زانکۆیانە بووین کە کوڕ و کچی شەهیدان تێیاندا دەخوێنن، لەبەر ئەوە حکوومەتی هەرێم نووسراوێکی ئاراستەی زانکۆیەکان کرد، کە ئەوان پەیوەندییان بە کچ و کوڕی شەهیدانەوە نەبێت، بەڵکو حکوومەت خۆی تێچووەکانیان دابین دەکات، بۆیە ئێمە بە بەردەوامی کارمان کردووە بۆ دابینکردنی ئەم قەرزە بۆ زانکۆیەکان.عوسمان گوتیشی: لە چەند ڕۆژێ ڕابردوودا ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی دەرمالە و کرێی خوێندنی کچان و کوڕانی شەهیدان بۆ ساڵی 2017-2018 درا و ئێمەش لە هەولەکانمان بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی دەرمالە و کرێی خوێندنی ساڵی 2018-2019 ـیش دەستەبەر بکەین و بکەوینەوە سەر سکەی خۆمان.

www.xebat.net
خەبات
یەک شەممە 2019/8/18 ژمارە (5808)



دامەزراندنی پارتی سەرەتایەک بوو بۆ کردنەوەی دەروازەی رزگاریی نەتەوەی کورد

خەبات: تریفە ئازاد

پارتی وەک پێداویستیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاتۆتە دامەزراندن و بە درێژایی تەمەنی و کاری کاری ئەو پارتە، هەرگیز دەستی بۆ دروشمێک نەبردووە کە جێبەجێنەکردبێت، حەتمەن بەپێی قۆناغ و هەل و مەرجی جیاواز و کاریگەری رەوتی رووداوەکانیش لەو دەمانەدا، بنەمای مانەوە و درێژەیی خەباتی پارتی بەشێکی پەیوەندی بە راستگۆیی لە هەڵبژاردنی دروشم هەبووە.

لەیادی 73ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاوواڵتیان راو بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن.





16ی ئاب دەرکەوتنی خۆری کورد


"لاوە حەمەد ئەمین" یادی16 ئاب پیرۆز دەکات و لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم حیزبە دیموکرات و نیشتیمانیپەیە کە لەتەواوی تەمەنیدال باوەڕی بە (مافی مرۆڤ و دادپەروەری و کۆمەڵایەتی و ئازادی و سەربەخۆیی و نەتەوەی و ژینگە و ئارامی و ئاوەدانی) هەبووە، هەر لە یەکەم رۆژی دامەزراندنیەوە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە یەکەم کۆنگرەی کە لە بەغدادی پایتەختی عێراق بە نهێنی بەسترا، بە ڕابەرایەتی باوکی رووحی نەتەوە "بارزانی نەمر" هێنانە کایەی بیر و باوەرێکی پتەوە بوو، کە ئەو کات پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی دیموکراتی کورد)، دروستبوونی پارتی واتە بیر و باوەڕی کوردایەتی، تاکو کۆنگرەی سێیەم لە ساڵێ ١٩٥٣ لە کەرکوک بەسترا، ناوی تەواوی کرا بە (پارتی دیموکراتی کوردستان)، ئەم پارتە لە ماوەی تەمەنیدا توانیویەتی ١٣ کۆنگرە ببەستێت، لە هەشت کۆنگرە باوکی رووحی نەتەوە "بارزانی نەمر" سەرۆکایەتی ئەم حزبەی کردووە، لە دوای کۆچی دوایی "بارزانی نەمر" لە -10-4 1979لە (زێوە)ی دەڤەری مەرگەوەر سەرۆک "مەسعود بارزانی" بە کۆی تەواوی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بووە سەرۆکی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دواین کۆنگرەشی 11-12-2010لە هەولێری پایتەختی کوردستان بە بەشداری زیاتر لە ١٥٠٠ ئەندام کۆنگرە جارێکیتر سەرۆک "مەسعود بارزانی" بوو بە سەرۆکی پارتی، ئەم پارتە و ئامەنجەکانی لە درێژەی تەمەنی بریتیبووە لە پتەو کردنی پەیوەندی دیلۆماسی و برایەتی و پشتگری کردنی هەمو و بزوتنەوە و رێکخراوە دیموکراتی و ئاشتی خوازەکانی رەوەندی کوردی و هێنانە کایەی گرنگیدان بە ئامرازە خۆجێیەکان شەری دەستوری لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و بە ئۆتۆنۆمی کردنی کوردستان و شەری مادەی ١٤٠ و بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان بگەڕێتەوە باوەشی هەرێم.

پارتی 73ساڵە هەوراز و نشێوی بڕی بڕگەیشتن بە ئامانج

"سندس حوسێن" وەک ئافرەتێک ئەم یادە پیرۆز بەشداری لە ئەندام کۆنگرە جارێکیتر سەرۆک "مەسعود بارزانی" بوو بە سەرۆکی پارتی، ئەم پارتە و ئامەنجەکانی لە درێژەی تەمەنی بریتیبووە لە پتەو کردنی پەیوەندی دیلۆماسی و برایەتی و پشتگری کردنی هەمو و بزوتنەوە و رێکخراوە دیموکراتی و ئاشتی خوازەکانی رەوەندی کوردی و هێنانە کایەی گرنگیدان بە ئامرازە خۆجێیەکان شەری دەستوری لەسەر ناوچە دابڕاوەکان و بە ئۆتۆنۆمی کردنی کوردستان و شەری مادەی ١٤٠ و بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان بگەڕێتەوە باوەشی هەرێم.

پارتی 73ساڵە هەوراز و نشێوی بڕی بڕگەیشتن بە ئامانج

"سندس حوسێن" وەک ئافرەتێک ئەم یادە پیرۆز دەکات لە تەواوی لاینگر و کادیرانی پارتی، لە لێدوانێکیدا بۆ (رۆژنامەی خەبات) گوتی: بە بۆنەی 73مین ساڵیادی رۆژی لەدایکبوونی سەربەخۆخوازی نەتەوەی کوردمان "سەرۆک بارزانی" و دامەزراندنی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی رێزدار سەرۆکی هێژامان رێزدار (مسعود بارزانی) و گشت ئەندام و لایەنگرانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و هاوواڵتیانی کوردستان دەکەم ، بەتایبەتتر کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکان .16ی ئاب خاڵێکی وەرچەرخانە لە میژووی گەلەکەماندا و یەکەم هەنگاو بوو بۆ شکاندنی ئەو کۆت و بەندانەی کە گەلی کوردستانیان زیندە تر هەست بە سەرکەوتنی مافەرەواکانیان بکەن.



خەلات بارزانی

پارتی و بارزانی.. شکۆمەندیی نەتەوەیەک

سەرەتا پیرۆزبایی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک گەورەترین پارتی سیاسی نەتەوەیی و سالیادی لە دایکبوونی رێبەری کوردو کوردستان سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەم، دامەزراندن و هێنانەئارای هەر حزبێک یان رێکخراوێک یان گرووپێک پیویستە لە زەرورەتی کۆمەڵگەوە سەرچاوە بگرێت، بۆیە پارتی وەک پێویستییەکی میژوویی و ئێستایی و ئایندەیی لە کوردستان دامەزرێنرا، ئەو پارتە سیاسییەی 73 ساڵ خەباتی بێ وچان و قوربانیدانی خۆین و خەبات و کۆڵنەدان ، بەڕابەرایەتی پێشمەرگەیەکی مەزن لە پێگەی سەرۆک و ڕابەری نەتەوەیەک بە هەمو جیاوازییەکانەوە توانیویەتی ببێ بە شوناسی نەتەوەیی، بە جۆرێک توانیویەتی ببێ بە دیفاکتۆ ، بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ بەهێزبوونی نەتەوە، کاتێکیش ئەو پارتە سیاسییە کەوتبێتە بەردەم تەنگژەی سیاسی و موئامەرەی ناوخۆیی و هەرێمی دیسان کۆی شکۆی نەتەوەییمان روویەڕووی قەیران و ئاستەنگی چارەنووسساز بۆتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێک لە جیاوازیەکانی بریتیی بووە لە دروستکردنی متمانەی کۆمەڵایەتی و پشتئەستووری نەتەوەکەی ، بە جیاوازی فۆرمی سیاسەتکردنی هەمیشە جێی متمانە بووە لەلای نەتەوەی کورد و کەمینە نەتەوەکانی دیکە.

بەشێکی گرنگی ئەو متمانەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریزماییەی لە سروشتی کەسایەتی رێبەرەکانیدا وجودی هەبووە، بە نموونە بارزانی نەمر و لە ئێستاشدا سەرۆک مسعود بارزانی نمونەی باڵای متمانە و پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی و کاریزماییە. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان چەترێکی فراوان و پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی فرە ڕەنگی و فرەحزبییە ، لەسایەی فەرمانڕەوایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بچووکترین مللانێ و گرژی بەپاڵنەری فرەیی و جیاوازییەکان نەهاتۆتە کایەوە.

بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوخۆیی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەناو چەقی ناوچەیەکی گەرمی پرلە جەنگ و مللانێی حزب و دەوڵەت و مەزهەب و ئایین و گروپە تونددڕەوە جۆربەجۆرەکان یەکێکی دیکەیە لە لێکەوتەکانی فەرمانڕەوایی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکەدا، جگە لە باوەڕبوون و کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دۆزەیەکانی پرسی یەکسانی و بەهاناوەهاتنی ئاوارەو پەنابەرو پەرۆشبوونی بۆ سەقامگیری سیاسی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکی بەهێزو دیبلۆماسیەتێکی کامڵ و دەیان دۆسیەی دیکەی چارەنووسساز بوون بە شوناسی فۆرمی سیاسەتکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی.

ئێمەیان پێ تەوقدابوو، لە ژێر ناوی یاسای نێودەوڵەتی و رێککەوتنە داگیرکاریەکانیان بەبەریاندا کردبووین و تا ئێستاش پێیەوە گیرۆدە و بەندین، هەمیشە گەلی کورد لە ژێر زەبر و فشاری چەوسانەوەی داگیرکەرانی کوردستاندا بووە و دەنگی بە هیچ شۆێنێک نەدەگەشت، سەرەڕای بوونی شۆڕشگێڕان و هاواری بەردەوامی کوردان، بەڵام جیهان چاوی لە ئاست ئەم گەلە ستەمدیدەیەدا داخستبوو, پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستاش لەهەوڵی دامالێنی یەکجارەکی ئەو بەرگە رەشە شومە لەبەرکراوەی میللەتی کورد دایە، وا پاش ٧٣ ساڵ خەبات و بڕینی هەوراز و قوربانیدانێکی زۆر و بە کۆڵنەدان و درێژەدان بە رێبازێکی پیرۆز، بەردەوام لەهەوڵی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕیەکەی خۆیدایە کە گەیشتنە بە سەربەخۆیی و رزگاربوونی یەکجاری لە دەست داگیرکاری دوژمنان، ئەوە شۆڕشی سەربەرزانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ڕابەرایەتیی باوکی رووحی کورد، "بارزانی نەمر" بوو توانی بۆ یەکەمجار دوژمن ناچار بکات و بەرامبەر ئیرادەی گەلەکەمان چۆک دابدات و بێتە سەر مێزی دانووستاندن و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ی شۆڕشی ئەیلولی لێبکەوێتەوە, هەر لەپاش ڕاپەرینەوە، سەرۆکی هێژامان جەنابی کاک "مەسعود بارزانی" زۆر خێرا داوای هەڵبژاردن و دروستکردنی دەوڵەتی قانونی کرد و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرده بەرهەمی رەنج و خەباتی گەلەکەمان و پاشان راگەیاندنی سەربەخۆیی کە ئامانجی سەرەکییە ,وەک ئافرەتێکیش شانازی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکەم، کە یەکەم پارتی سیاسی بووە دەرفەتی بۆ ئافرەت رەخساندوە و هاوشانی پیاو ماف و ئەرکی لە شاخ و لە حکوومەت پێڕاسپاردووە ,گەورەترین شانازیمان بە پارتی هەڵگر و زیندوڕاگری ئاڵای کوردستانە، وەرگرتنی ئاڵایکوردستان، لە شۆڕشی مهابادەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، بە دەریایەک خوێنی شەهیدان ئاویداوە تا رەگ و ریشەی داکوتراو هەمیشە شەکاوە بێت.

جوانترین بیرەوەریم دووساڵ لەمەوبەر و لەمانگی ئابدا لە دیدارمان لەکۆڕێکدا کە لە خزمەتیاندا ئامادەبوین لە ئابی ٢٠١٧ بەڕێزیان فەرمووین (رێگا بێ گرێ و گۆڵ نیە، بەڵام فەرموون... من سەرمەشقی رێگای درک وداڵم و سەرکەوتنی نەتەوەکەمان بۆ هەموومان و شکستەکەشی بخەنە ئەستۆی من و سەری خۆمی لەپێناودا بۆدادەنێم.) بۆیە ئێمەش پەیمان نوێ دەکەینەوە کە لەم رۆژەدا تا دڵۆپی خوێنمان مابێ لەگەڵ بانگی سەربەخۆیی کوردستانین و گیانفیدای ئەو رێبازە پیرۆزە ئەبین.

پارتی بە شانازییەوە بۆتە چەترێک بۆ هەموو کوردستانیان لە هەر شوێنێک بن

"بارزان خدر جاف بۆ رۆژنامەی خەبات لە یادی 16ی ئاب گوتی: لەرۆژێکی پڕشنگدارو و میژووی خۆرێکی زەرد لەناو ناوچەکان و شاخەکانی کوردستانەوە دەرکەوت بۆ میلەتێکی ژێر دەستە و ستەمدیدە، ئەویش (پارتی دیموکراتی کورد) بوو ئەو پارتەسیاسییەی کە ئاڵای شۆڕش و ئاڵای وڵاتێکی بێ شوناس و بێ نەوای هەڵگرت،(73) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە کات و ساتێک و هەلومەرجێکی سیاسی گونجاودا وەک زەروورەتێکی میژوویی بە رابەرایەتی "بارزانی نەمر" ئەو کیانە سیاسیە دامەزرا، کە لەتەمەنیدا میژویەکی پڕ زێڕین و پڕ لە دەستکەوت و سەروەری و رۆژانێکی دەرەوشاوەی بۆدۆزی رەوای گەلی کورد تۆمارکردووە، کە لە ئێستاشدا بەردەوامی هەیە ،

و لەسکەی خۆی لاینەداوە بەڵکو بە پێداگرییەکی نەگۆڕەوە جەخت لەخەبات و تێکۆشان دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کوردستان و گەیشتن بە دوا وێستگەی ئاواتەکانی گەلی کورد، ئەویش (سەربەخۆیی کوردستان)ە، کە زیاتر لەسەدەیەکە ئەم تێکۆشانە بەڕابەرایەتی "عەبدولسەلام بارزانی" کە وەک تاکە سەرکردە، داوای سەربەخۆیی لە (حاکمی ئینگلیز) کردووە و کردی بە ئەمری واقیعی ئەو سەردەمە و تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە ، کە ئەمەش شاهیدی ئەو خەبات و تێکۆشان و میژووە مەزنەی ئەو رێبازە پیرۆزەن کە لە ئێستاشدا بە سەرکردایەتی بەڕێز "سەرۆک بارزانی" جەخت لە بەدەستهێنان و دانپێدانانی ئەو مافە زەوتکراوە دەکاتەوە.

پارتی وەک پێداویستیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاتۆتە دامەزراندن

لە کۆتاییدا (رێبوار حمە علی) لە لێدوانێکیدا لە یادی 16ی ئاب بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان لە میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هێزێکی کاریگەری گۆڕەپانی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە و دەبێت، چونکە بنەمای دروستبوونی ئەم حزبە یاخود هەڵگری پەیامەکەی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ واقیعی کوردستان لە هەر چوارپارچە، پارتی وەک پێداویستیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاتۆتە دامەزراندن، پارتی دەستی بۆ دروشمێک نەبردووە کە جێبەجێنەکردبێت، حەتمەن بەپێی قۆناغ و هەل و مەرجی جیاواز و کاریگەری رەوتی رووداوەکان لەو دەمانەدا. بۆیە جیاوازییەکە و بنەمای مانەوە و درێژەیی خەباتی پارتی بەشێکی پەیوەندی بە راستگۆیی لە هەڵبژاردنی



فەیسەڵ مستەفا ئامێدی

وەرن باهاوکاری وەزارەتی پەروەردەی کابینەی 9 بکەین

یەکەم: گزی و سزاکەی

بەم دواییە وەزارەتی پەروەردە بڕیارێکی دەرکردووە بە پێی ئەم بڕیارە :

هەر قوتابییەک لە ئەزموونی کۆتایی ساڵ _لە خولی یەکەم یان خولی دووەم گزی بکات و لێی بگیرێت ئەو ساڵەی خوێندن بە ساڵی کەوتن بە هۆی گزیکردن لە هەموو بابەتەکان" ئەزموونەکان " بۆی دادەنرێت ، پێشترو تا ئەم دواییەش ئە سزایە هەبوو- ئیتر قوتابی باجی گزییەکەی ساڵێک لە تەمەنی دەدۆڕاند هەبوو پەندی چاکی لێ وەردەگرت و دووبارەی نەدەکردەوە.

کەس ڕەخنە لەم بڕگەیە ناگرێت ، بەڵام ئەوەی لەم بڕیارەدا هاتووە دەڵێت : ئەو قوتابییەی بەهۆی گزیکردن دەکەوێت بۆساڵی دواتر بۆی نییە دەوام بکات!

من نازانم بە چی یاسایەک و لە کام وڵاتی جیهاندا ئەم جۆرە سزایە هەیە؟ پەند لەوە چییە کە ساڵێکی تریش قوتابی دوور بخەینەوە لە خوێندن؟ کە خواخوامانە ساڵێک زووتر قوتابییەکانمان بگەنە ئاواتەکانیان.

نەک هەر ئەوەندە لە بڕیارە نوێیەکەدا هاتووە ئەگەر ئەم جۆرە قوتابییە لە دەوامی ڕۆژ بوو بۆساڵی سێیەم کە دەگەڕێتەوە نابێت لە ڕۆژ دەوامبکات و پێویستە بچێتە خوێندنی شەو ئەگەر لە خوێندنی شەو بوو پێویستە بچێتە ئەزموونی دەرەکی ئەگەر دەرەکی بوو چیتر مافی درێژە دانی خوێندنی نامێنێت جگە لە ئەزموونی دەرەکی .

تکا لە برا پسپۆڕو شارەزا و پەیوەندیدارە بەڕێزەکان دەکەم بەم بڕیارەدا بچنەوە با تۆشی هەڵەیەکی ئەوتۆ نەبین کە دوایی پێمان ڕاست نەبێتەوە و قوربانییەکی زۆری بۆ بدەین.


ئەدیان نازم، یەکەمەکەی شاری کەرکوک بۆ خەبات:

ئەو گرنگییەی بە یەکەمەکانی هەرێم دراوە بە ئێمە نەدرا



خەبات: ڕۆشنا عەلی

قوتابییەکی کوردی شاری کەرکوک لە خوێندنی کوردی دەبێتە یەکەمی شارەکە و لە تەمەنی چوار ساڵییەوە باوکی شەهید بووە ،خاوەنی دوو خوشکە کە بەوتەی خۆی هەموو خوشکەکانی وەک ئەدیان زیرەکن و یەکێکیش لەوان لە کێبڕکێدایە لەگەڵ ئەدیان وەک خۆشی دەڵێت: لە قوتابخانەیەکی ئاسایی شارەکە بووەو دایکی و مامۆستاکانی هاوکارێکی باشی بوون.



یەکەمی خوێندنی کوردی

دەربارەی کۆڤرەکەی ئەدیان وتی: بە کۆڤرەی 99.14 بوومە یەکەمی شاری کەرکوک و لە قوتابخانەی ئامادەیی چوار چرای کچان کە قوتابخانەکەم یەکێکە لە ئامادەییە باشەکانی شاری کەرکوک هەموو ساڵێک کۆمەڵێک قوتابی لەم قوتابخانەیە نمرەی بەرز بەدەست دەهێنن ئەمساڵیش من یەکێک بووم لەوان ، کە کاتێکی زۆرم بۆ خوێندن تەرخانکردبوو دایکم بەردەوام هاوکارم بووە ونەیهێشتووە بێ باوکی کاریگەری هەبێت لەسەرم وەک مامۆستای تایبەتیش زیندەوەرزانی پێ دەوتم و چەند مامۆستایەکی تایبەتیشم هەبوو لە گەڵ مامۆستاکانی قوتابخانەدا زۆر سوودم لێ وەرگرتن و هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکەم مامۆستاکانم بوون.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند تەکنەلۆژیا کاریگەری هەبووە لەسەری ئەدیان وتی : تەنها بۆکاری زۆر پێویست بە کارم دەهێنا بۆ ئەوەی ئاگاداری تاقیکردنەوەو گۆڕانکاری بم لە گەڵ هاوڕێکانم ئەگەر نا کاتی لێنەگرتووم و هیچ کاریگەری نەبووە.

کێشەی بژمێر

ئەدیان ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوەی کێشەی بۆ ئەو دروستکرد ڕێگە نەدان بوو بە بەکارنەهێنانی بژمێر (حاسیبە) و ئەو وتی: بڕیاری بەکارنەهێنانی بژمێر لەیەکەم شەوی تاقیکردنەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر قوتابییان بە گشتی دروستکرد من تەنها بە هۆی ئەم بڕیارە سێ نمرەم لە وانەی کیمیا لی ڕۆشت و زۆرێکیش لە هاوڕێکانم ، چونکە زۆربەی تاقیکردنەوەکانمان پەیوەندی بە بژمێرەوە هەبووکە پێشتر خۆمان بۆ بڕیارێکی لەو جۆرە ئامادە نەکردبوو.

گرنگی پێدان

دەربارەی گرنگیدانیش بە یەکەمییەکەی ئەدیان دەڵێت ئەو گرنگییەی بە یەکەمەکانی هەرێم درا وە بە ئێمە نەدرا ئەو وتی: ڕاستە ڕێوڕەسمییان بۆکردووین ، بەڵام وەک ئەوە نەبوو کەلە هەرێم بۆ قوتابییەکان کراو تا ئێستاش وەزارەتی پەروەردە هیچ ڕێوڕەسم و ڕێز لێنانێکی بۆ نەکردووین نەلە هەرێم و نەلە حکومەتی فیدراڵیش.

نەرمین عوسمان بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی چوار چرا دەربارەی ئەدیان وتی ئەو لە قۆناغی 10وە لە قوتابخانەکەی ئێمەیەو یەکێک بوو لە قوتابییە زیرەکەکان و لە ڕووی مادیش ئاستێکی مام ناوەندییان هەیە دایکی مامۆستایەو باوکی شەهیدە و ئێمە پێشبینی ئەم نمرەیەمان لێ دەکرد و ژمارەیەکی زۆر قوتابیمان ساڵانە نمرەی بەرز بەدەست دەهێنێت و ئەمساڵیش ئەدیان یەکەمی خوێندنی کوردییە لە سەر پڕۆگرامی حکومەتی هەرێم وپڕۆگرامی کوردی بە کۆڤرەی 694لەبەشی زانستی .

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەشدا کە بڕیاری قەدەغە کردنی بژمێرە کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەر قوتابییان بە گشتی و ئەو وتی: ئەگەر ئەم بڕیارە نەبوایە بێگومان ژمارەیەکی زۆر قوتابیمان لە یەکەمەکان دەبوون.

زمانی کوردی لەژێر هەڕەشەی لە ناوچوون!

بەرە بەرە پرۆگرام و کتێبەکان و سیستەمی وانەوتنەوە دەکرێت بە ئینگلیزی

بێ ئاگا لەوەی کە کاردانەوەی زۆر خراپی بەسەر زمانی کوردییەوە بەجێ هێشتووە



وێنەی پۆلێکی سیستەمی ئینگلیزی



حسن هاشم باڵەکی

زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندی کولتووری و ڕەوایەتی مێژوو و هێڵانەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ و ناسنامەی جەماوەر و گەلانە، هەروەکو هەژاری موکریانی دەڵێ: (قەوالەی بوون و مانەوەی گشت نەتەوەکانی سەر زەوی، زمانە).

ئەوەی دەمەوێ زیاتر بپڕژێمە سەری ئەوەیە کە دەبینین لە ئێستای ئەم هەرێمی کوردستانە بە چەندین شێوەی جیاواز جیاواز کار لەسەر بێ نرخکردن و نەهێشتنی گرنگی زمانی کوردی دەکرێت، کە بیر لە ئەنجامەکەی ناکرێتەوە دوای چەند ساڵێکیتر و لە داهاتوو کە زمانی کوردی بەکام ئاقاردا دەروات و لێکەوتەکانی چی دەبن، ساڵانە و بەشێوەیەکی بەردەوام چ لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردە یاخود وەزارەتی خوێندنی بالآوە چەندان بەرنامە و پڕۆژەی نوێ دەخرێتەروو بۆ زیاتر گرنگیدان بە زمانە بیانیەکان بەتایبەت زمانی ئینگلیزی لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا دەگاتە زانکۆ و پەیمانگاکان لەژێر ناوی پێویستی زمانی ئینگلیزی لە ئێستای ژیان، بۆیە دەبینین بەرە بەرە مەنهەج و کتێبەکان و سیستەمی وانەوتنەوە بەتایبەت لە قوتابخانەکان دەکرێت بە ئینگلیزی بێ ئاگا لەوەی کە کاردانەوەی زۆر خراپی بەسەر زمانی کوردییەوە جێ هێشتووە کە خەریکە منداڵەکانمان ئەوەندەی گرنگی بە زمانی ئینگلیزی دەدەن زمانی کوردی پشتگوێ دەخەن لەبیریان دەچێتەوە، یاخود لە زانکۆکانی هەرێم ئێستا بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەی کە دەوترێنەوە زیاتر تیشک خراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و قوتابی ئەوەندەی ماندووە بۆ شیکردنەوە و وەرگێڕانی زمانی بیانی ئەوەندە گرنگیدانی بە ناوەرۆکی بابەتەکە بەلاوە گرنگ نیە.

جیاواز لە وڵاتانی تری دونیا بۆ نموونە وڵاتی ئێران کە زمانی دایک زمانی ڕەسمییە و لە سەرجەم ئاستەکانی خوێندن سیستەم و مەنهەج بە زمانی ڕەسمی ئەو وڵاتەیە و دەبێ مامۆستاکان بەدەرەجەی یەکەم گرنگی بە زمانی ڕەسمی بدەن و هەوڵی فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی بدەن، وڵاتەکان وەک تورکیا و ئێران و بەریتانیا و میسر و سەنغافورا و .....هتد بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی زمانی ڕەسمی خۆیان.

کەچی دەبینین لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی داگیرکراو ڕەفتار لەگەڵ هاوڵاتیان دەکرێت و زمانی بیانی بەسەر هاوڵاتیان و خەلکەکەیدا دەسەپێنرێت و زمانی بیانی وا خەریکە دەبێتە زمانی ڕەسمی ناوچەکە و لە هەر شوێنێک و بۆ هەر کارێک و هەر مامەڵەیەک و هەر دامەزراندنێک کە دێتە ئاراوە بەدەرەجەی یەکەم گرنگی بە زمانی بیانی دراوە کە ئەمەش خەلکی بێ هیوا کردووە لە خوێندن و کارکردن و دامەزراندن چونکە خەلکی لە سالانی پێشتر بەڕێژەی ـ٪ ی بە زمانی کوردی وانەیان خوێندووە و تا قۆناغی پێنجەمی سەرەتایی، هەروەها زمانی کوردی بە ڕێژەی ـ٪ دەخوێندراو گرنگی پێ دەدرا دوای ئەم قۆناغە تەنیا یەک دوو وانە زیاد دەبوو ئەوانیش زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی بوون، بەڵام جیاواز لە ئێستا کە هەر لە قۆناغی باخچەی منداڵان زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت و واخەریکە بابەتەکانی بیرکاری و زانستەکانیش بە زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت کە قوتابی بە زمانی بیانی فێری بیرکاری و زانست دەبێت ئەمەش دووبارە کاریگەری خراپی دەبێت ،چونکە منداڵەکە ئەو شتانەی بە کوردی خوێندویەتی نازانێت، هەروەها زمانی کوردی بەڕێژەیەکی بەرچاو و ئاشکرا پشتگوێ خراوە و هیچ گرنگیەکی نەماوە، گەر سەیری چاپخانەکان و ناوەندە مەعریفیەکان و نوسەرەکانی کوردیش بکەین بەڕێژەیەکی دیار ڕوویان لە وەرگێڕان و شیکردنەوەی کتێب و دەق و زمانەکانی تری بیانی کردووە هەتا نوسینەکانیش بە زمانی کوردی لە ئاستێکی باشدا نیە و ڕوو لە کزبوونە.

لە هەمانکاتدا شێخ محمدی خاڵ لەسەر گرنگی زمان دەڵێ: (زمان بۆ گەلان لە هەموو قەڵایەکی ئاسنین و لە هەموو قوللەیەکی مسین باشتر و چاکترە، چونکە قەڵا داگیر دەکرێ و قوللەش تێک دەشکێندرێت، بەڵام زمان لەناو ناچێت، لەبەر ئەوەی گەلی ژێر دەستەی خاوەن زمان، وەک ئەو دیلە وایە کە کلیلی بەندیخانەکەی لە گیرفاندا بێت، ڕۆژێک دێت ڕزگاری دەبێت) ، هیواخوازین لە پەرلەمانی کوردستان بەتایبەت لێژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا کە پڕۆژە یاسایەک دەربکەن بۆ زیاتر گرنگیدان و پێشخستنی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی هەرێم، داواکارین لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە دەستی هەموو ئەو کەسانە بگرێت کە پڕۆژە یاسا یان لێکۆڵینەوەیان هەیە سەبارەت بە زمانی کوردی و هاوکاریان بکات، هەروەها گرنگی زیاتر بدرێت بە زمانی کوردی لەنێو ناوەندەکانی خوێندن و زمان بکرێت بە زمانی ڕەسمی، بۆ مانەوەی نەتەوە و زمانی کوردی.

بڕیاری قەدەغەکردنی بژمێر قوتابییەک لە یەکەمی عێراقەوە دەکاتە کەوتوو

خەبات/ ڕۆشنا: قوتابییەک بە ناوی (کانی عیرفان) لەشاری کەرکوک لەسەرجەم ئەو تاقیکردنەوانەی کردوویەتی 100 نمرەی بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەشەوی یەکەمی تاقیکردنەوەکاندا بڕیاری قەدەغەکردنی بژمێرە درا ئەو قوتابییە دوو وانەی بە جێهێشت و تاقیکردنەوەی تێدا نەکرد بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشی ئاماژە بەوەدەکات ئەگەر ئەو بڕیارە نەبوایە ئەوا ئەو قوتابییە دەبووە یەکەمی هەموو عێراق ، نەرمین عوسمان بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی چوار چرا بۆخەبات ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆکاری قەدەغە کردنی بژمێرە قوتابییەکە دوو وانەی بە جێهێشت و بەم جۆردش لە یەکەمی عێراقەوە کە پێشبینیمان دەکرد بووە کەوتوو لە کاتێکدا لە سەرجەم وانەکانی دیکەدا 100نمرەی بەدەستهێناوە .



لە ساڵیادی دامەزراندنیدا

16ی ئاب ڕۆژێکی پڕ لە شانازی لەمێژووی گەلی کوردستان



وەیسی سەعید وەیسی

16ی ئاب ڕۆژێکی پرشنگدار و پڕلەشانازییە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان، چونکە ڕۆژی لە دایک بوونی حزبی دایکە کە لەم بەروارەدا بەرلە 73ساڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک زەروورەتێکی مێژوویی لە سەر دەستی سەرکردەی نەمر مەلامستەفا بارزانی دامەزرا بۆ ڕابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان، بۆیەش پێشەنگی بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەکوردستاندا.

بەجۆرێک هەموو کات ئامرازێک بووە بۆکۆردنەوەی هەموو پێکهاتە ئایینی ونەتەوەییەکان وداکۆکی کردن لەمافەکانیان، چونکە لەدیدی پارتیدا تاکی کوردستانی ئامانجە نەک ئامراز، هەرئەمەشە وای کردووە ئامادە نەبێت سازش لەسەرمافە ڕەواکانیان بکات، تەنانەت لەم پێناوەشدا هەموو قوربانییەکی داوە تەنها بۆئەوەی گەلی کوردستان بەسەربەستی و ئازادی بژیت کە بەدرێژایی مێژووش هەمیشە دەستکەوتی گەورە لە سەردەستی پارتی بەدەست هاتوون کە ڕابەرایەتی کردنی شۆرشی ئەیلوول دیارترین نموونەی ئەم ڕاستییەیە کە جگە لە وەی لایەرەی دێرین و مێژووی گەلی کوردستانی ڕەنگین کردووە، بەرگری و داکۆکی لە مافە ڕەواکانمانی کرد کە سەرئەنجام توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕێککەوتنامەیەک مۆر بکات کە بریار لە بوون و مافی گەلی کورد بدات وێرای ئەمەش هیچ کات پارتی و دامەزرێنەکەی ئامادە نەبوونە مساوەمە لەسەر مافی کوردستانیان بکەن، بەڵکو هەمیشە لەم پێناوەدا قوربانییان داوە، بابەتی کوردستانی بوونی کەرکووک نموونەیەکی زیندووە کە نەک ئامادەنەبوون دەست لە کوردستانی بوونی ئەم شارە کوردستانییە هەڵبگرن بەڵکو هەمیشە داکۆکیشی لە کوردستانییەتی شارەکەی دەکرد بە جۆرێک چۆن مرۆڤ ناتوانێ بێ دڵ بژیت ئەوا خەڵکی کوردستان، کە سەرئەنجام شۆڕشی ئەیلوولی لەم پێناوەدا دانا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دوای نسکۆیش توانییان بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا سەربکەون و شکست بە پیلانی دوژمنان بهێنن و جارێکی تر هیوا وئومێد بۆ گەلی کوردستان دروست بکەنەوە و بە هەمان ڕۆحییەتی شۆڕشگێری ئەیلوول دریژە بە شۆڕش بدەنەوە لە 26ی گوڵان و دریژە بەخەباتی سەرتاسەری بدەن بۆرزگاریی کوردستان کە ئەمەش وای کرد هەمیشە پارتی و بارزانی بە زیندوویی لە هزری خەڵکی کوردستاندا بمێننەوە،

لەگەڵ ئەوەی لەماوەی تەمەنیدا پارتی بە زۆر قۆناغدا گوزەری کردووە، بەڵام هیچ کات سڵی نەکردووە و هەر لە مەیدانی تێکۆشاندا بەدەوام بووە. نە بەسەرکەوتن لە خۆبایی بووە نە بەنوسوشتیش بێهیوا بووە، بەڵکو وەک حزبێکی تەبا وتۆکمە و خاوەن پێگەیێکی جێگیر و بەهێزی جەماوەری ماوەتەوە وتاکە ئومێد و دوا قەڵای بەرگرییە و توانیویەتی بێتە خاوەنی دەستکەوتی زۆر گەورە بۆ گەلی کوردستان، بۆیەش هەموو دەم پارتی هەر بەگەورەیی ماوەتەوە، هەرچەندە بە بەردەوامی بووەتە ئامانجی دوژمنان و جۆرەها پیلانیان دژی کردووە، بەڵام سوپاس بۆخوای گەورە بەحیکمەت وردبینی سەرۆک مسعود بارزانی توانیویەتی بەسەرگشت پیلانەکاندا سەربکەوێت، بۆیە هەموو دەم جێگای ئومێدی خەڵکی کوردستان بووە کە سەرکەوتنی پارتی لەماوەی (5)مانگدا لەدوو پرۆسەی هەڵبژاردنی چارەنووسسازدا لەسالی ڕابردوودا بەڵگەیێکی دیکەی ئەم ڕاستییەیە کە چۆن خەڵکی کوردستان پاداشتی پارتییان کرد و جارێکی ترمتمانەیان پێدایەوە، چونکە ئەوکات زۆرخەڵک ولایەن چاوەروانی مەرگی پارتی بوون، بەڵام کوردستانییان بەم شێوەیە وڵامی هەڵوێستە نەتەوەیی ونیشتمانییەکانیان دایەوە، بۆیە تا بەئەمرۆش دەگات دۆست و دوژمن چاک ئەو ڕاستییە دەزانێ بەهێزبوونی پارتی زامنی مانەوەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانە بەزیندوویی، چونکە ڕووداوەکانی چەند سالێی ڕابردوو بەتایبەت دوای خیانەتە ڕشەکەی 16ی ئۆکتۆبەر دەریخست کە تەنها پارتییەکان و پەیرەوکارانی ڕێبازی بارزانیی نەمرلەسەنگەرەکانی بەرگری مانەوە و شکۆی گەلی کوردستانیان پاراست وڕێگریان لەپیلانی داگیرکەرانی کوردستان کرد کە هەوڵی لەناوبردنی ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستانیان دەدا کە هەریەک لەداستانەکانی (پردێ ، سحێلا، مەحمودیە و تلسقۆف ...هتد)باشترین نموونەی ئەم ڕاستییەن کەڕێگایان نەدا پیلانی ناحەزان بێتەدی، چونکە بەدڵنیاییەوە گەرئەم بەرگرییانە نەبان جگە لەخوای گەورە کەس نەیدەزانی چارەنووسمان چی دەبوو، بەمەش دەرکەوت پارتی لەشکست و بێئومێدیدا هیوا و ئومێد و سەرکەوتن دروست دەکاتەوە، بۆیەش مانەوەشی بەبەهێزی زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانە، جگە لەوەی لە ماوەی تەمەنی پرلەسەروەریدا نەک تەنها لەخەباتی شاخ و چەکداریدا پێشەنگ بووە، بەڵکو لە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و هەڵبژاردن و ئابووریشدا هەر پێشەنگە، کە لەم قۆناغەشدا بە پێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن پارتی وەک حزبی پلە یەک ڕابەرایەتی کوردستان دەکات لەهەردوو سەرۆکایەتی هەرێم وحکوومەت ئەرکی قورسترە بۆخزمەتکردنی کوردستانیان لەهەموو سێکتەرەکان بۆهێنانەدی ئەو بەڵێنانەی لەڕابردوودا بەخەڵک درابوو، چونکە پارتی وانا سەراوە خاوەن بەڵێنی خۆیەتی کە لەسەرەتای کارەکانی ئەم کابینەیە، ئەم ئومێدەش بەدی دەکرێت کەهەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی مایەی دەستخۆشی وهەڵوەستە کردنە کە دەبێتە بنەمایێکی گرنگ بۆگۆڕانکاریی وچاکسازییەکی ریشەیی کە بەدڵنیاییەوە هەموو ئەمانەش وادەکەن پارتی هەربەشۆڕەسواری مەیدان بێمنێتەوە.

پێویستە لەم یادەدا ئەندام ولایەنگیران وجەماوەری پارتی حەقە شانازی بە پارتیبوونی خۆیان بکەن کە قوتابی و ئەندامی ڕێبازێکی وەها مەزنن کە لە پێناو پاراستن و بەرگریکردن لە کوردستان دامەزراوە بە جۆرێک چۆن 73ساڵ بەر لە ئێستا وەک زەروورەتێکی مێژوویی دامەزرا، لەئەمڕۆشدا زیاتر پێوستیمان بەپارتی وسەرۆک مسعود بارزانی هەیە بۆ هێنانەدی خەونی لە مێژینەی گەلی کوردستان.

لەم یادە پڕشکۆ و شانازییەدا سڵاو و درود دەنێرین بۆ شەهیدانی کاروانی پرلەسەروەری 73ساڵەی پارتی کە لە پێناو کوردستان یان نەمان خۆیان کردە قوربانی.

سڵاو و درود لە گیانی پاکی ڕابەر و سیمبولی نەتەوەییمان مەلامستەفا بارزانی.





شڤان غازی

73ساڵە پارتی جهێ باوەرییا خەلکێ کوردستانێ و جیهانێیە

پارتی دیموکراتی کوردستان ل (16ی تەباخا سالا 1946) لسەر دەستێ بارزانیێ نەمر هاتیە دامەزراندن ، پارتەک جەماوەری و خودان پێگەھ بوویە ل دەسپێکا دامەزراندنا وێ دا ، پارتی ب ئارمانجەک راست و درست کەفتیە قادا خەباتێ دا ، پارتی ب دریژاییا مێژویی هەمی نەخوشی ودەردەسەری قبول کرینە و توشی زورنەهامەتیان بوویە لێ چ جارا مساومە لسەرمافێ مللەتێ کورد نەکریە ، پارتی زور سەر نشیفی وسەرئەڤرازی دیتی نە ب سەدان کتێبان هاتینە نڤیسین لێ دەستکەفت بو مللەتێ کورد هەبوویە لدویف واقعێ روژێ پارتی ئارمانجەک نەتەوەیی دانایە بەرسینگێ خو هەتا پروژەکی جی ب جی دکەت ئارمانجەک مەزنتر ددانتە پێشیا خو، پارتیا ئەڤرو ئەم دبینین خودان مەزنترین پێگەھا جەماوەری یە و پارتا دەستهەلاتدارە د حکومرانیێ دا ل گورەپانا کوردستانێ دا ، د مێژویێ دا پارتی بەرگری ل مافێ مللەتێ کورد کریە لەورا بوویە جهێ متمانا هەمی وەلاتێن روژلاھەتا ناڤەراست کو ئەو نێزیکی مەنە و هەمی وەلاتێن جیهانێ سەردەری کرن دگەل پارتی سەردەرکرنە دگەل کوردستانیان ، پارتی ب دریژاییا مێژویا خودا ل حەفتێ و سێ سالێن بوری دا بو خەلکێ خو یا سەلماندی کا ئارمانجێت وی چنە لەورا خەلکێ کوردستانێ ژی ئەو باوەریا مەزن دایە پارتی و روژ بو روژێ بهێزتر دکەڤێ ، بارزانی نەمر ل دەسپێکا دامەزراندنا پارتی تا ئەڤرو سەروکێتی پارتی کەسێن خودان شیان و خەبات کار و نیشتیمان پەروەر بووینە ، ژ بارزانییێ نەمر دەست پێکریە ، نوکەژی سەروک (مەسعود بارزانی) ڕێبەرییا پارتی دکەت. شیان و خەبات و نیشتیمان پەروەرییا سەروکێن پارتی بوویە سەدەمێ هندێ کو نوکە پارتی مەزنترین و بهێزترین و سەرکەفتی ترین حزب بیت ل کوردستانێ و بەڵکو ل سەرانسەری عێراقێ.

پارتی ئێکەم حزبە شیایە (73) سالان خەباتێ بکەت بێ ی خیانەتێ ل مللەتێ خو بکەتن ، پارتی ل هەمی کاودانێن نەخوش لسەر مللەتێ مەدا هاتبیتن خوکریە چەپەر بوو پاراستنا ژیان و بوونا مللەتێ کورد و هەمی خەلکێ کوردستانێ و ژبوو ڤێچەندێ دەریایەکا خوینێ یا ڕێتی تاکو ئەڤرو یا بویە دروشم کو "پارتی دەریایا خوینێ یا ڕێتی".

73ساڵ بەرخودان و خۆڕاگری



میلەت مەهدی

بە بۆنەی 16ی ئاب ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوکات لەدایکبوونی پێشەوا و پێشەنگ و مەرجەعی باڵای کوردستان جەنابی سەرۆک کاک مسعود بارزانی ، سەرۆک مسعود بارزانی ڕێبەر و هێمایەکی مەزنی نیشتمانییە کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ سەرفرازی میللەتەکەمان و چەسپاندنی ئاشتی و پەرەپێدانی کەلتووری مرۆڤدۆستانە و پێکەوەژیانی گشت پێکهاتەکانی کوردستان تەرخان کرد. وێڕای پێرۆزبایی، هیوای تەمەن درێژی بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی دەخوازم، هەروەها لەهەمان کاتدا و حەفتا و سێ ساڵ خەبات و خۆڕاگری و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ بەسەرکردایەتی پێشەوای کوردایەتی و باوکی ڕوحی نەتەوەیی کورد جەنرالّ مستەفا بارزانی نەمر لە 16/8/1946بۆ یەکەمین جار پارتێک لە دایک بوو کە توانی بنیتە چەترێک و هەموو چین و توێژو پێکهاتەکانی کوردستان لە ژێر سێبەری خۆیدا کۆبکاتەوە، پەیامی پارتی بەشێوەیەک داڕێژرا کە هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان شوێنی خۆیان لە ریزەکانی ئەم پارتەدا دەبیننەوە، بۆیە بوو بە قوتابخانەیەکی مەزنی کوردایەتی، بوو بە خاوەنی زۆرترین ئەندام و دۆست و لایەنگر لە کوردستاندا.

فەلسەفەی هێزو خۆڕاگری پارتی لەوەدا بوو کە لە هەلومەرجێکی سەخت و دژوار لە دایک بووە، دوای جەنگی جیهانی دووەم و پەراوێز خستنی کورد و بێبەشکردنی لە مافە سیاسییەکانی لە لایەن براوەکانی جەنگەکە، بۆیە دامەزراندنی پارتی لەو سەردەم بە واتای تەحەددا و خۆبەدەستوەنەدانی واقعی تاڵی ، هەر بۆیەش پارتێک لە هەلومەرجی سەخت و دژوار لە دایک بێت بەرگەی سەختی و دژواریەکانیش دەگرێت، هەربۆیە پارتی لە تەمەنی 73ساڵەی پڕ لە بەخشش و دەستکەوت و داهێنانی خۆیدا وێڕای بڕینی سەختترین ڕێگای خەبات و بەرگەگرتنی جۆرەها پیلان و دوژمنکاری جۆراوجۆر تەنانەت پیلانی نێودەوڵەتیش ئەمڕۆش حزبی ڕەقەم یەکی کوردستانە، خاوەنی بەرفراوانترین پێگەی جەماوەری و گەورەترین فراکسیۆنە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا، ئەمڕۆش پارتی پێشەنگە لە بەرزڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی ئاڵای کوردایەتی و نیشتمانپەروەری سەرەڕای حزوری بەهێزی لە مەیدانی سیاسەت و دیپلۆماسییەتی ناوچەیی و جیهانیدا، هەموو ئەمانەش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە سیاسەت و بەرنامەی پارتی هەمان بەرنامە و داواکاری ڕەوای خەڵکی کوردستانە و بە حیکمەت و وردبینی و دوورنبینی و بوێری جەنابی سەرۆک بارزانی وا ئاواتەکانی گەلەکەمان بەرەو دوا لوتکە هەڵدەکشێن کە سەربەخۆیی کوردستانە لەسەر دەستی پێشەوا و مەرجەعی باڵای کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان سەروەری هەموو شەهیدان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

73ساڵەگەڕا بوونا پارتی پیروز بێت



زێرەڤان تەمو

(73)ساڵ ب سەر دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان دەرباز دبن ، ئەو پارتیا ب باوەری و ئومێد و بەرچاف ڕوونیەکا مەزن و مسوگەر ، بۆ بجهئینانا خەون و ئارمانجێن مللەتێ کوردستانێ و ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ یا سەربخو و بدەستڤەئینانا ئایینددەیەکێ پر دەستکەفت و گەش ، (73) ساڵێن پڕ خەبات و شانازی و کوردایەتی دەربازکری، ئەو پارتیا ل سەر دەستێ ڕێبەرێ نەتەوەیا کورد بارزانییێ نەمر ل ڕۆژا 16/ 8/ 1946ێ هاتیە ئاڤاکرن کو ئەڤە دەمەکێ دا بوو تازە شەڕا جیهانا یا دوویێ بدومایک هاتبوو ، هەر چەندە بەریا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان چەند حزب و ڕێکخراو وبزاڤێن کوردی هەبوون لێ ئەڤان نەکاریبوو تەڤایا گەلێ کوردستانێ ل بن ئێک چادرێ کوم بکەنەڤە و ببنە ڕێکخستنەکا بهێز دنێڤ تەڤایا تەخ و چینێن کوردستانێ دا ، لەوما دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان ل وی سەردەمی پێدڤییەکا گەلەکا فەر و گرنگ بوو بۆ گەلێ کوردستانێ دا دەربرینا ژ ماف و ئیرادا کوردستانیان بکەت و کەسێن تێکوشەر و کوردپەروەر ل هەمی تەخ و چینان ل تەڤایا کوردستانێ ل ژێر ڕێکخستنەکا بهێز و یەکگرتی و سەرتاسەری خەباتێ ل پێناڤ مافێن ڕەوا بێن گەلەکێ زولم لێکری بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان د ژیێ خۆ یێ (73)ساڵی دا شیایە چەندین دەستکەفتێن نەتەوەیی و نیشتیمانی تومار بکەت و یا دیار و بەرچاڤەژی هەر د دیرۆکێ دا هەتا نوکە پارتی دیموکراتی کوردستان زێدەتر ژ هەمیان پێداگیریێ ل سەر هەلوێست و ئارمانج و بەرژەوەندییێن نەتەوەیی و نیشتیمانی یێن گەلێ کوردستانێ دکەت ،و هیچ دەمەکێ ژی تەسلیم ب ئیرادا دوژمن وداگیرکەرێن کوردستانێ نەبوویە و نابیت ژی. پارتی خودانێ بریارا خۆ یە و بریارێ ل کەسێ ژی وەرناگریت ، لەوما ڕۆژ ب ڕۆژ بهێز دبیت و سەرکەفتن لدویڤ سەرکەفتنێ بۆ کورد وکوردستانیان تومار دکەت و پێلانێن دوژمن وداگیرکەرێن کوردستانێ ودویڤچەلانکێت وان ژناڤ دبەت..

دیسان بیرەوەریا ژ دایک بونا سەرۆکێ هێژا مەسعود بارزانی یە و ئەو سەروکێ هەمی ژیانا خۆ ل پێناڤ دوزا ڕەوایا گەلێ کوردستانێ مەزاختی یە و مێژوویەکا پر سەروەری تۆمارکریە و ئەڤرۆ ژی ب شانازی ڤە خۆ ب پێشمەرگە دزانیت ..

و بقێ هەلکەفتا پیرۆز بفەر دزانین دپێشیێ دا سلاڤ و ڕێزگرتنێن بێ دوماهیک پێشکێشی بابێ ڕوحی یا گەلێ کورد و دامەزرێنەرێ پارتی دیموکراتی کوردستان بارزانییێ نەمر و کاک ئیدریسێ هەردەم ساخ و تەڤایا شەهیدێن بزاڤا ڕزگاریخوازا کوردستانێ بکەین .

هەر ب ڤێ هەلکەفتێ پیرۆزباهییێن گەرم پێشکێشی جەنابێ سەرۆکێ هێژا وخوشتەڤی ڕێزدار مەسعود بارزانی دکەین ، وپیرۆزباهییێن خۆ ئاراستەیی سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەیێن قەهرەمان و تەقایا کادر وئەندام و لایەنگرێن پارتی و خەلکێ شەرەفمەندێ کوردستانێ دکەین ، دەستێن دایکوبابێن شەهیدێن سەربلند ماچ دکەین و دبێژینە وان بەرهەمێ خەبات و قوربانیدانا وەیە ئەم ئەڤرۆ گەهشتینە ڤێ ئاستێ سەروەری و سەرکەفتنێ و مە شکست ب پیلانێن دوژمن وداگیرکەران ئینان. ئەڤرۆ ژی ددەمەکێ دا کو ئەڤێ هەلکەفتا پیرۆز ساخ دکەین گەلی کوردستانێ پتر ژ هەر دەمەکێ پێدڤی ب ئێک هەلویستا نەتەوەیی ونیشتیمانی ڕێکخستنا ناڤمالا کوردی هەیە تاکو هەمی مافێن خۆ ییێن دەستووری و یاسایی بدەستڤەبینیت و کوردستانی ب مافێن خۆ ییێن ڕەوا شاد بێن.



کشمیر.. بۆمبە چێنراوەکەی نێوان هیند و پاکستان لە لێواری تەقینەوەیە!



ئا: خالید گەردی

سەرەتای کێشەکە

کێشەی نێوان پاکستان و هیندستان لەسەر هەرێمی کشمیر بۆ سەرەتای مانگی ئابی ساڵی 1947ز سەردەمی دابەشبوونیان دەگەڕێتەوە، ، هەر یەک لەو وڵاتانە خۆیان بە خاوەنی کشمیر کە زۆرینەی دانیشتوانی موسڵمان بوون، دەزانی. ئەو کات دەستەڵاتدارانی هیندستان کە لە هیندۆسەکان بوون داوایان کرد ناوچەکە وەک خۆی بمێنێتەوە نەخرێتە سەر هیچ کامێکیان، بەمجۆرە بڕیار لەسەر چارەنووس و ئایندەی کشمیر دواخراو کێشەکەش لە نێوان هەردوو وڵات تا بە رۆژگاری ئەمڕۆ دەگات بە هەڵپەسێراوی مایەوە.دوای ئەم قۆناغە گرژی و ئاڵۆزی گەورە لە نێوان موسڵمانانی کشمیر و دەسەڵاتدارانی هیندستان سەری هەڵدا تا گەیشتە ئاستی شەڕی چەکداری، بۆ پشتگیری کردن لە موسڵمانانی کشمیر ژمارەیەکی زۆر لە هێزە پاکستانییەکان بە لێشاو چەکداریان بۆ یارمەتیدانیان نارد.

لەبەرامبەر ئەوەشدا حکوومەتی ئەو کاتی کشمیر جگە لەوەی داوای یارمەتی لە هیندستان کرد، داواشی کرد ناوچەی کشمیر بخرێتە سەر هیندستان، حکوومەتی هیندستانیش سوپای ڕەوانەی ناوچەکە کرد، وەک کاردانەوەیەک وڵاتی پاکستانیش سوپای نارد ناوچەکەو نزیکەی ماوەی ساڵێک شەڕ لە نێوان هەردوو سوپا بەردەوام بوو، تا لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1949 نەتەوەیەکگرتووەکان هاتە سەر هێڵ و شەڕەکە وەستێنرا، هێڵی ئاگربەستیان لە نێوان هەردوو سوپا ڕاگەیاند، نزیکەی سێیەکی خاکی کشمیرو چوار لەسەر پێنجی دانیشتوانەکەی کەوتە ژێر دەسەڵاتی هیندستان و ئەوەی مایەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی پاکستان.

ڕاوەستاندنی شەڕەکە نەبووە مایەی چارەسەرکردنی کێشەکە بەڵکو دریژەی کێشا تا ڕەهەندێکی هەرێمیی لە نێوان هەردوو وڵاتی هیندو پاکستان بەخۆوە بینی، لە هەندێ کاتیشدا چینیش لەو ململانێیەدا ڕۆڵی ماموناوەندی دەگێڕا، لە ماوەی ساڵانی نێوان 1947تا 1965ز، سێ جاری دیکە شەڕ لە نێوان هەردوو وڵات ڕوویدا، لە ساڵی 1999 جارێکی دیکەش لە پێناو دەسەت بەسەرداگرتنی ڕووبای سیاتشینی سەهۆڵبەندیدا، شەڕ لە نێوانیان هەڵگیرسا.لە ماوەی ئەم ساڵەدا واتا 2019چەندین پێکدادانی سەربازی سنووردار لە نێوان هەردوو وڵات بە دریژی هێڵی ئاگربەستی نێوانیان ڕوویدا، لە مانگی شوباتی 2019، دوانزە فڕۆکەی جۆری میراج 2000ی هیندی چەند شوێنێکی سەربازییان لە نێو خاکی پاکستان بۆردومان کرد، ئەمەش وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لەو هێرشە خۆکوژییەی کە خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بە کاروانێکی سەربازی نزیک ئەوانتی بورا تەقاندەوە بووە هۆی کوژرانی 41پۆلیسی هیندی، دواتر سوپای مەهدی کە بارەگاکەی لە پاکستانە بەرپرسیارێتی خۆی لە خۆکوژییەکە ڕاگەیاند.

ئەوەی مەترسییەکانی لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی سەرتاسەری لە نێوان ئەو دوو وڵاتە زیاتر کردووە هەردوو وڵات خاوەن سوپایەکی گەورەو چەکی ناوکیین، ئەگەر پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوکی ببەن ئەوا شەڕێکی سەخت و خوێناو کارەسات ئامێز بێت.

بڕیارەکەی حکوومەتی هیندستان ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد

وڵاتی هیندستان پێشتر بەپێی ماددەی(370)ی دەستوور ، مافی ئۆتۆنۆمی بە دانیشتوانی هەرێمی کشمیر دابوو ، بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر مەرسومێکی کۆماری دەرکردو ئەو مادە دەستوورییەی پووچەڵ کردەوە، بەمەش مافی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی کشمیر وەرگیرایەوە.ڕۆژنامەی تایمزئوف ئیندیا بڕیارەکەی بە مێژوویی ناوبردو نووسیویەتی هەرێمی کشمیر بووە بەشێک لە حکوومەتی فیدراڵ و کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی نیودەلەی.بڕیارەکە لە دوای تێپەڕینی (100) ڕۆژ بەسەر وێلایەتی دووەمی "نارێندرا مودی" سەرۆک وەزیرانی هیندستان هات، کە بەوە ناسراوە خاوەن ئاراستەیەکی نەتەوەییە. پاساوی ناوبراویش بۆ بڕیارەکی ئەوە بوو، بڕیارەکە ئاستێکی بۆ ئاراستە جیاخوازەکانی کشمیری سەر بەهیندستان و هەوڵەکانی پاکستان بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکە دانا.لەبەرامبەریشدا ڕۆژنامەیەکی هیندی بە ناوی (دکان کرونیکل) سەرکۆنەی بڕیارەکەی حکومەتی کردو بە بڕیارێکی مەوداکورت و مەترسیداری ناوبرد.

ڕۆژنامەی پارتی مودی پارتی گەلی هیندیش لە لایەن خۆیەوە ئاماژەی بە هەڵوێستی دانیشتوانی کشمیری زۆرینەی موسڵمان داوە، کاتێ پاکستان داوای کرد کشمیر بە پاکستانەوە بلکێندرێت، ئەوان ڕەتیان کردەوە مانەوەیان لەگەڵ هیندستانی عەلمانی و دیموکراتی پێ باشتر بوو.ڕۆژنامەی لوفیگاروی فەرەنسیش بڕیارەکەی هیندستانی بە بۆمبێکی جیوسیاسی ناوبرد، ئاماژەی بەوەشداوە بڕیارەکە ئاکامی خراپی بۆ سەر هیندستان و ئاسایشی تەواوی ناوچەکە لێدەکەوێتەوە.

پاکستان .. کاردانەوەمان لە دژی بڕیارەکەی



هیندستان تووند دەبێت

ڕۆژنامەی "نەشیونال هیرالد تریبیون"ی پاکستانی بڵاوی کردۆتەوە ئیسلام ئاباد بڕیارەکەی هیندستان ڕەتدەکاتەوە هەموو بژاردەکانی بەردەستیشی دژی بڕیارە نایاساییەکە بەکار دێنێت، ڕۆژنامەکە جەخت دەکاتەوە کشمیر ناوچەیەکی داگیرکراوە لە لایەن هیندستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی بەوە داناوە کشمیر ناوچەیەکی کێشە لەسەرە، هەروەها لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پۆلین کراوە، لایەنێک بە تەنیا ناتوانێت تاکلایەنە بڕیار لەسەر چارەنووسی ناوچەکە بدات. پاکستان بۆ گوشار خستنە سەر هیندستان بۆ پووچەڵ کردنەوەی بڕیارەکە دەستی بە هەوڵێکی چڕی دیبلۆماسی کردووە، بە فەرمی داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد دانیشتنێکی لەناکاو بۆ هەنگاوە نارەواکەی هیندستان ئەنجام بدات.شا مەحمودی قرشی وەزیری دەرەوەی پاکستانیش لە لایەن خۆیەوە ڕایگەیاند وڵاتەکەی بڕیاری داوە بڕیارەکە هیندستان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی مافی ئۆتۆنۆمی بە جامو و کشمیر لە نەتەوەییەکگرتووەکان بووژێنێتەوە، ئەگەر چی ناوبراو پێکدادانی سەربازی بەدوورزانی و گوتی وڵاتەکەی هەوڵ نادات شەڕ لەگەڵ هیندستان هەڵگیرسێنێت، بەڵام جەختی کردەوە وڵاتەکەی هەموو ڕێوشوێنێکی سیاسی و ئابووری و یاسایی لە دژی بڕیارەکە دەگرێتە بەر. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوبراو ڕەتی کردەوە کێشەی کشمیر کێشەیەکی ناوخۆیی هیندی بێت، تەنکیدی کردەوە هەر چارەسەرێک پێویستە پشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ببەستێت، کە جەخت لە ئەنجامدانی ڕاپرسی لە نێوان دانیشتوانی هەرێمەکە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسیان دەکاتەوە.هەر دوای هەفتەیەک لە بڕیارەکەی نیودەلەمی، لە کاتی سەردانەکەی عومران خانی سەرۆکی پاکستان بۆ مزەفەر ئابادی پایتەختی کشمیری سەر بە پاکستان لە یادی سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا، خان زۆر بەتوندی سەرکۆنەی بڕیارەکەی هیندستانی کردو جەختی کردەوە "کاتی ئەوە هاتووە وانەیەک بە نیودەلەمی بدەین" هەروەها گوتی:"وڵاتەکەی زانیاری لایە هیندییەکان خەریکی داڕشتنی پلانێکی سەربازین بۆ ئەنجامدانی لە کشمیری پاکستانی، ئەگەر کارێکی وا بکەن، ئەوا ئەوانیش بۆ ڕەتدانەوەیەکی بەهێز لەوپەڕی ئامادەباشی دان و تا کۆتایی دەجەنگن".شایانی باسە ئیسلام ئاباد بە کردەوە دەستی بە بەکارهێنانی بژاردەکانی بەردەمی لە دژی بڕیارەکەی هیندستان کردووە، ئیسلام ئاباد داوای لە باڵیۆزی هیندستان کردووە وڵاتەکەیان جێبهێڵێت، ڕەتیشی کردەوە باڵیۆزی خۆی ڕەوانەی نیودەلەمی بکات، هەروەها سەرجەم مامەڵە بازرگانییەکانی هەڵپەسارد و کەشتە شەمەندەفەرییەکانی بۆ هیندە ڕاگرت.خۆ ئەگەر هیندستان هێز ڕەوانەی ناوچەی کشمیری سەر بەپاکستان بکات، ئەوا بە پێی لێدوانەکەی سەرۆک وەزیرانی پاکستان بێت کە لەکاتی سەردانەکەی بۆ مزەفەر ئاباد کردی، ئەوا بۆمبە چێنراوەکە لە لێواری تەقینەوەدایە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1920:
بە مەبەستی دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو بۆ سەربەخۆیی میسر، شاندێکی میسری و بەریتانی کۆبوونەوە .



سالی 1927:
شا محەمەدی پێنجەم عەرشی مەغریبی گرتە دەست .



سالی 1964:
شارل حلو وەک سەرۆکی لوبنان هەڵبژێردرا .



سالی 2008:
دوای گوشارێکی زۆر ، پەرویز موشەرەفی سەرۆکی ئەو کاتەی پاکستان دەستی لەکار کێشایەوە .



سالی 2017:
لە شاری توکوی فنلەندی ، گەنجێکی مەغریبی بە چەقۆ دوو کەسی کوشت و 10کەسی دیکەی بریندار کرد .

دیدێکی ئابووری

ئۆپێک گۆڕانکاری لە ئاستەکانی بەرهەمهێنانی نەوتدا دەکات





ئا: هەندرین شێرزاد

-مانگی 3ی 2019 ڕێکخراوی ئۆپێک ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی کەم کردەوە و لەو کاتەوە وڵاتانی ئەندام ڕۆژانە 30ملیۆن و 20هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنن .

-پێشتر ئەم ڕێژەیە 534 هەزار بەرمیل نەوت بووە لە ڕۆژێکدا .

-پشکی ئۆپێک لە کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان 30.2%ە .

-ڕێژەی خستنەڕووی نەوت لە بازارەکانی نەوتی جیهان لە مانگی ئاداری 2019تا ئاستی 140هەزار بەرمیل لە ڕۆژێک کەم کرایەوە و گەیشتە 99ملیۆن 260 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا .

ئاستی گۆڕانکاریەکان

-سعودیە : لە 10ملیۆن و 118هەزار بەرمیلەوە کردی بە 9ملیۆن و 118هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا .

-عێراق : لە 4ملیۆن و 647هەزار بەرمیلەوە کردی بە 4ملیۆن و 522هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-ئێران :لە 2ملیۆن و 726هەزار بەرمیلەوە کردی بە 2ملیۆن و 828هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا .

-ئیمارات :لە 3ملیۆن و 689هەزار بەرمیلەوە کردی بە 3ملیۆن و 599هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا .

-کوێت :بڕی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی 2ملیۆن و 709 هەزار بەرمیل بوە و هەر وەکو خۆی ماوەتەوە.

-نایجیریا : لە 1ملیۆن و 733هەزار بەرمیلەوە کردی بە 1ملیۆن و 723هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

-ئەنگۆلا : لە 1ملیۆن و 454هەزار بەرمیلەوە کردی بە 1ملیۆن و 448هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-ئەزویلا : لە 1ملیۆن و 21هەزار بەرمیلەوە کردی بە 732هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-لیبیا لە 902هەزار بەرمیلەوە کردی بە 1ملیۆن و 98هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-جەزائیر لە 1ملیۆن و 28 هەزار بەرمیلەوە کردی بە 1 ملیۆن و 18هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-کۆنگۆ : لە 321هەزار بەرمیلەوە کردی بە 344 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-ئیکوادۆر : لە 524هەزار بەرمیلەوە وەک خۆی مایەوە .

-گابۆن : لە 204هەزار بەرمیلەوە کردی بە 214 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

-غینیای ئیستیوائی : لە 121هەزار بەرمیلەوە کردی بە 124هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

پێشبینی نرخەکانی نەوت

-زۆربەی بۆچوونەکان پێیان وایە تا کۆتایی ساڵی 2019نرخی یەک بەرمیل نەوت لە نێوان 65تا 75 دۆلار دا بمێنێتەوە ، ئەوە ئەگەر لەو ماوەیەدا جیهان ڕووداو یان کێشە و گرفتێکی گەورە بەخۆیەوە نەبینێ .

-ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە دووپاتیشی دەکەنەوە کە چاوەڕێ دەکرێ ئەندامانی ئۆپێک پابەند بن بەو پشکانەی بۆیان دیار کراوە .

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
ئەمەریکا بڕیاری دەستبەسەرکردنی ئەو کەشتیە نەوتهەڵگرە ئێرانیەی دا کە پێشتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی جەبەل تاریقەوە دەستی بەسەر داگیرابوو .




ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
ڕووسیا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە ڕێککەوتنی نێوان ئەمەریکا و تورکیا سەبارەت بە دیارکردنی ناوچەیەکی لەچەک دامالّراو لەسەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا دەربڕی.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
کۆڕبای باکوور دوو مووشەکی دیکەی تاقی کردەوە و ڕایگەیاند کە بەنیاز نییە لەگەڵ کۆڕبای باشوور دڕێژە بە گفتوگۆکانی ئاشتی بدات .



ئەی ئێف پی:
باڵیۆزی هیند لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە کێشەی کشمیر ناوخۆییە و پێویست ناکات وڵاتانی جیهان خۆیان بخزێننە ناو بابەتەکە .



کەنالّی ئار تی:
پۆڵەندا ڕایگەیاند کە دوور نییە بەشدار لە پرۆسەی پاراستنی ئەو کەشتیانە بکات کە بە تەنگەبەری هورمزدا گوزەر دەکەن .



پرسەو سەرەخۆشی

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبێت دکتۆر فەخرەدین تاهیر

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دکتۆر فەخرەدین تاهیر- مان پێگەیشت.

دکتۆر فەخرەددین تاهیر گەنجینەیەکی کلتووری پراوپڕی زانیاری ڕۆژنامەنووسی، دەق و هونەری شانۆیی جوانی وشەی کوردی بوو.... !! خاوەن قەڵەمێکی نیشتمانپەروەر، مرۆڤپەروەری ڕێگای ئازادیی ژیان، ئازادی مرۆڤ، بگرە ئازادی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆڵەگەیەکی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی و کلتووری شانۆیی و شاعیرێکی هەستناسک بوو. ئەوەی ڕاستی بێت کۆچەکەی زۆر ناوەخت بوو، بۆیە زیانبەخش بوو، شوێنەکەی پرناکرێتەوە.

بە ناوی سەرنووسەرو تەواوی کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێزە دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبێت بە بەهەشت شادبکات و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێ.

انا لله وانا اليه راجعون

«خەبات»

* * *

دکتۆر فەخرەددین تاهیر

گەنجینەیەکی کولتووری پراوپڕی زانیاری ڕۆژنامەنووسی، دەق و هونەری شانۆیی جوانی وشەی کوردی بوو.... !!

کۆچکردووی نەمر د. فەخرەددین تاهیر خاوەن قەڵەمێکی نیشتمانپەروەر، مرۆڤپەروەری ڕێگای ئازادیی ژیان، ئازادی مرۆڤ، بگرە ئازادی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆڵەگەیەکی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی و کولتووری شانۆیی و شاعیرێکی هەستناسک بوو.

ئەوەی ڕاستی بێت کۆچەکەی زۆر ناوەخت بوو، بۆیە زیانبەخش بوو، شوێنەکەی پرناکرێتەوە.

هەزار و یەک حەیف و مخابن، ڕەوانشاد.

مومتاز حەیدەری

2019/8/17

بڕوانامەی هونەریم بە هەموو بڕوانامەی دونیا ناگۆڕمەوە

محەمەد نەجات: تا ئێستا هونەر لە وڵاتی ئێمە نەبووەتە پیشە کە بتوانرێت بژێوی ژیانی پێ دابین بکرێت



محەمەد نەجات

خەبات:سوڵێمان

لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ خەبات،ئەکتەری دیاری کۆمیدیا" محەمەد نەجات"لە پرۆگرامی بەزمی بەزمە ئێستا دەڵێت: لە ساڵی(١٩٨٤ لە شاری هەولێر لە گەڕەکی"کوران" لە دایک بووم، سەرەتای دەست پێکردنی من دەگەڕێتەوە بۆ(٢٠٠٣) ئەو کاتەی چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شانۆ، کاتێک کە پەیمانگام تەواو کرد، بریارم دا بچمە کۆلێژ هە ر بەشی شانۆ،لە وێش خوێندنەکەم تەواو کرد، سەبارەت بە کاری ئەکتەریم حەزێکی منالی خۆم بووە،هەر لە منداڵییەوە حەزم بە کاری نواندن دەکرد، ئامازە بە "بەزمی بەزم"دەکات و دەڵێت: پرۆگرامی بەزمی بەزم بیرۆکەی(بەرزان سنجاوی) بوو کە دەرهێنەری پرۆگرامەکەش بوو،کە لە ساڵی(٢٠١٥) دەستمان پێکرد ئەو کاتە وا بیرمان دەکردەووە کە تەنیا هە ر ساڵێک بەردەوام بێت، بەڵام وا ئێستا پێنجەمین ساڵە بەردەوامین خۆشحاڵین کە (بەزمی بەزم) جێگای خۆی لە دڵی بینەرەکانمان کردۆتەوە،وە ئێستاش بینەرێکی زۆری هەیە، من بە پێی ئەوەی بە شی (شانۆ) لە پەیمانگا و کۆلێژ خوێندووە، هەرئەویش وای لێ کردووم کە تا ئێستاش بەردەوام بم، وە ئەو هەواداره خۆشەویستانەم هەبێت.

هەرواها ، باسی بڕوانامەی خۆی دەکات و دەڵێت: بە هەموو بڕوانامەیەکی دونیا ناگۆڕمەوە، کە بە دەستم هێناوە،چونکە بڕوانامەی هونەر زۆر گەورەیە،هەمووکەسێک ناتوانێت ببێت بە هونەرمەند،راستە کەسانێک ئەتوانن لە ڕێگای خوێندن بەن بە دکتۆر یا مامۆستا یان ئەندازیار، بەڵام هەموکەسێک بە خوێندن نابێت بە ئەکتەر ،چونکە کاری ئەکتەری بەهرەیەکە ئەبێ لە خودی خۆتدا هەبێت، راستە بە خوێندن فێری زۆر شت ئەبیت،بەڵام خوێندن ئەو بەهرەیەت بو دروست ناکات دەبێ خۆت هەتبێ سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەو بەهرەی پێ بەخشیم،بۆیە دەڵێم بڕوانامەی هونەر لە هەموو بڕوانامەکانی تر لام گەورەترە،خۆی هەر وایە، بەڵام لە وڵاتی ئیمە گرنگی زۆر بە هونەر نادرێت، لە پرسیارێکدا کە ئایە هونەر لە کوردستان بووەتە پیشە کە بتوانرێێت بژێوی ژیانی پێ دابین بکرێت؟لە وڵامدا دەڵێت: نەخێر تا ئێستا هونەر لە وڵاتی ئێمە نەبووەتە پیشە کە بتوانرێت بژێوی ژیانی پێ دابین بکرێت جا هەر کەسێک بێ لە بواری هونەر ئەکتەر بێ یا گۆرانی بێژ بێ یا میوزیک ژەن بێت ئەبێت بێجگە لە هونەر کارێکی دیکە بکەیت ئەگینا ناتوانی بژێوی ژیانتی پێ دابین بکەیت ،سوپاس بۆ خوا کە ئێمە تاکە گروپین وەک بەزمی بەزم کە بتوانین بژێوییەک بە کارە نواندنەکانمان پەیدابکەین، وامان کردووە خەڵک بە پارە بێن بە دیارمانەووە دابنیشن بو ببینی نواندنەکانمان، لە بارەی ئەوەی کە کی پشتگیری لێ دەکات؟ لە وڵامدا دەڵێت:

زۆر سوپاسی (بەرزان سنجاوی) دەکەم کە هەر لە پەیمانگاوە پشتگیری لێ دەکردم وەک مامۆستایەک بوو بۆ من، من تا دەمرم قەرزاری ئەوم، ئەو بوو کە وای کرد بە و رادەیەی ئێستا بگەم، هەروەها راشی گەیاند کە وا کارکردنم لەگەڵ ئەکتەری خۆشەویست"فورات" زۆر پیخوشە ، وە هەروەها زۆر سەرسامی نواندی (ئەیام ئەکردم)م کە بە (شەمۆ) ناسراوە زۆر کەس پێم دەڵێن کارە نواندنەکام لەو ئەچێت، وە لە بیانییەکانیش زۆر سەرسامی ئەکتەری کۆمیدی(مستەر بین چارلی چاپلن و رۆبێرتۆ بینیین)ە ،کە ئەمانە کەسانێکن دووبارە نابنەوە.

لە کۆتاییدا گوتی هیوادارم لە کوردستان هونەری کۆمیدیا زۆرتر بەرەو پێشەوە بڕوا چونکە خەڵکی ئێمە پێویستی بە وەیە هەردەم پێبکەنێت هەردەم دڵخۆش بێت، چونکە میللەتی ئێمە زۆر نەهامەتی و ناخۆشی بینیوە،شایەنی ئەوەن هەردەم دڵخۆش بن، هیوادارم ئێمە وەک بەزمی بەزم توانیبێتمان خەندەیەک بخەینە سەر لێوی خەڵکە کەمان، بینەرە خۆشەویستەکەمان، چونکە ئەبێت گرنگی بەولایەنە بدرێت چونکە هونەری ئێمەش هیچی کەمترنیە لە وڵاتانی تر، لە کۆتاییدا دەڵیم کارێکی زۆر جیاوازترمان لە بەزمی بەزم لە پرۆژەدایە.



محەمەد لەگەڵ بەشێک لە ئەکتەرەکانی بەزمی بەزم

بەرزی شەکرەی خوێن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پانکریاس زیاتر دەکات



بە پێی ئاژانسی یونایتدپرێس، ئەنجامی توێژینەوەیەکی توێژەرانی کۆریای باشوور پیشانی داوە کە بەرزبوونی ئاستی شەکرەی خوێن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پەنکریاس زیاتر دەکات . شێرپەنجەی پەنکریاس کاتێک دەست پێدەکات کە خانەکانی دەست بەگەشکردن بکەن و کۆنترۆڵ نەکرێن . شایانی ئاماژەیە ، کە پەنکریاس غوددەیەکی پان و درێژە کە دەکەوێتە سەرەوپی گەدەوە و ئەرکی بۆ هەرسکردنی پرۆتینین و چەوری و کاربۆهیدراتە لە نێو گەدە .هەروەها ئەرکێکی تری پەنکریاس ، بەرهەمهێنانی ئەنسۆلینە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی شەکرەی خوێن و دروستکردنی وزە.

بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشی شەکرە بە یەکێک لە هۆکارە مەترسییەکانی شێرپەنجەی پەنکریاس هەژمار دەکرێت ، بۆیە، دەکرێت لە ڕێگەی کۆنترۆلکردنی شەکرەی خوێن ، ڕێێمی خۆراکی تەندروست و چالاکی جەستەیی بتوانرێت ڕێگری لە تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاس بگیرێت .

بە ووتەی توێژەران ، شێرپەنجەی پانکریاس بە یازدەهەمین شێرپەنجەی بەربلاو لە نێو پیاوان و نۆهەمین شێرپەنجە لە نێو ژنان هەژمار دەکرێت، کە بە ڕێژەی 71لەسەدای تووشبووان بە شێرپەنجەی پەنکریاس لە یەکەم ساڵی دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشی گیانیان لە دەست دەدەن. ئەو شێرپەنجەیە لە پیاواندا زیاتر گەشە دەکات. جگەرەکێشان زیادبوونی کێش ، نەخۆشی شەکرە، تەمەن بەگرنگترین ئەو هۆکارانە هەژمار دەکرێن کە دەبنە هۆی تووشبوون بەو نەخۆشییە.

لە مانگی تەمووزدا 197 ملیار تەن سەهۆڵ لە گرینلاند تواوەتەوە



لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە، لە گرینلاند بڕی 197ملیار تەن سەهۆڵ تواوەتەوە.

بەپێی هەواڵێکی CNNپەیمانگاکانی توێژینەوەی جەمسەرەکان لە دانیمارک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرایان کردووە، تەنها ڕۆژی 31ی تەمووز لە گرینلاند بڕی 10ملیار تەن سەهۆڵ تواوەتەوە و لە مانگی تەمووزیشدا بەگشتی بڕی 197ملیار تەن سەهۆڵ تواوەتەوە کە دەکاتە هێندەی 80 ملیۆن مەلەوانگەی ئۆلۆمپی.

روس مۆترام لە پەیمانگای کەشناسیی دانیمارک ڕایگەیاند، ماوەی چوار مانگە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە سەهۆڵی گرینلاند بەخێرایی لەتوانەوەدایە.مۆترام ڕایگەیاندووە، لانی کەم چەند ڕۆژێکی دیکەش کەشوهەوای ئێستای گرینلاند بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. پێشتر ڕاگەیەنرابوو کە بەهۆی گەرمبوونی بەرگەهەواوە توانەوەی سەهۆڵ لە گرینلاند خێراترە لەوەی چاوەڕوانکراوە. لە توێژینەوەیەکی زانایانی زانکۆی ئۆهایۆ کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا باڵاوکرایەوە، خراوەتەڕوو کە توانەوەی سەهۆڵی گرینلاند لەساڵی 2003بۆ 2013دا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و توانەوەی سەهۆڵ لە 2013دا چوار هێندەی 2003بووە.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پاڵەوانێتی شەترەنجی تازەپێگەیشتوان و لاوانی عێراق لە هەولێر کردەوە



خەبات: هاوار مورتکەیی

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پاڵەوانێتی شەترەنجی لاوان و تازەپێگەیشتوانی عێراقی لە شاری هەولێر کردەوە کە یانەی خانزاد بەهەماهەنگی یەکێتی شەترەنجی عێراق لەماوەی نێوان 14تا21/8/2019میواندارای دەکات.

لەڕێورەسمی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتییەشدا کە زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراق و د. کاوە عومەر بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان و بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەری دیوان و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان ئامادەی بوون، سەرۆکی یانەی خانزاد بەخێرهاتنی میوانان و بەشداربووانی ئەم پاڵەوانێتییەی کرد بۆ شاری هەولێر و رایگەیاند کە خۆشحاڵن جارێکی تر یانەی خانزاد توانی پاڵەوانێتییەکی دیکەی فەرمی عێراق لە ئامێزبگرێت.

دواتر جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەجولاندنی بەردێکی شەترەنج، کردنەوەو دەستپێکی پاڵەوانێتییەکەی راگەیاند کە نزیکەی 70شەترەنجزانی کچ و کوڕی خوار 18 ساڵ لە تەواوی شارەکانی عێراق و کوردستان بەشداربیان تێداکردووە و پاڵەوانێتییەکەش بە سیستمی سویسری 9راوند کە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراوە بەڕێوەدەچێت.

لەپەراویزی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتییەش لە یانەی خانزاد لە شاری هەولێر، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتەیەکی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن پێشکەش کرد و تیایدا وێرای دەستخۆشی کردن لە یانەی خانزاد بۆ میوانداری کردنی پاڵەوانێتییەکی لەم شێوەیە گوتی: پەرلەمانی کوردستان پاڵپشت و پشتیوان دەبێت بۆ زیاتر بەرەو پێشبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش لە هەرێمی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان لەچوارچێوەی پرۆژەیاسا و دەرکردنی یاسا کاربۆ ئەوە دەکات کە ئاستی وەرزشی کوردستان بە ستانداردی نێودەوڵەتی زیاتر ڕێک بخات و بەرەو پێشەوەی ببات.

ئینیستا: هەرگیز ئەو ساتانە لەبیر ناکەم کە لەگەڵ مێسی بووم

ئەندریا ئینیستای یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی کە ئێستا لە خولی چینی یاری دەکات، دوابەدوای ئەو سزایەی بەسەر مێسی سەپێنرا هاتە دەنگ و بەرگری لێکرد بەوەی کە مێسی کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە کەبەهیچ شێوەیەک بەرامبەردەکەی بریندار ناکان.

ئینیستا لە وەڵامی چەند پرسیارێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: مێسی هیچ کات دەستپێشخەر نەبووە لە سوکایەتی و هەڵسوکەوتی نەشیاو هەم لەناو یاریگا و هەم لەدەرەوەی یاریگادا، ئەو کەسایەتییەکی ئارامی هەیە، زۆر دەرنگ هەڵدەچێت، من ماوەیەکی زۆر لەگەڵی بوومە و بەشانازیشەوە دەڵێم هیچ کات ئەو ساتانە لەبیر ناکەم کە لەگەڵ مێسی بوومە.

ڤان دایک و رۆنالدۆ و مێسی لە لیستەکە مانەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپی رایگەیاند کە هەرسێ یاریزان مێسی و رۆنالدۆ و ڤان دایک لەنێو ئەو لیستی کۆتایی کورتکراوەکەدایە بۆ خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەمساڵ لە ئەوروپا.

رۆنالدۆ ناوی لە لیستەکەدایە کە 3جار خەڵاتەکەی بردۆتەوە، لەوڵاشەوە ڤان دیکی هۆڵەندی بۆ یەکەمین جارە ناوی لەنێو پاڵێوراواندایە ئەویش بە هۆی ئەوەی هاوکاری لیڤەرپوول بوو لە بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای وەرزی رابردوو، ئەم یاریزانە لە خولی رابردووی ئینگلیزی و پیشەگەرانی تۆپی پێی ئینگلیزی خەڵاتی باشترین یاریزانی وەرگرت.




بەرشلۆنە لەدەستپێکی لالیگا لێدانێکی کوشندەی بەرکەوت



لەدەستپێکی لالیگا و لە یاری کردنەوەی وەرزی نویی خولی ئیسپانیا، یانەی بەرشلۆنە هەڵگری نازناوی وەرزی رابردوو دووچاری دۆڕان هات و بەئەنجامی 1-0گۆڵ بەیانەی ئەتلەتیکۆ بلباو دۆڕا، یانەی کەتەلۆنی بەهۆی یاری نەکردنی مێسی و دواتریش پێکاتی لویس سواریز نەیتوانی پارێزگاری لە تۆڕەکەی بکات و لەبەرامبەریشدا یاریزانانی بلباو لە دەستپێکی لالیگادا بە ئاستێکی بەرز دەرکەوتن و لە دواساتەکانی یارییەکەدا توانیان یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پی بهێنن.





16ی ئاب

لەدایکبوونی هیوا و ئاوات

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net
خەبات XEBAT
Sun, 18. Aug. 2019 No: (5808)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616